هەڵەبجە

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

هەڵەبجە

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

نووسینی:

سامان سەلاح، کامەران کوردەوار، عادل صدیق

■ هەڵەبجە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

نووسینی: سامان سەڵاح، کامەران کوردەوار، عادل صدیق

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٢٣. کوردستان

■لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

ناوەڕۆک

پێشەکی ٧
هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا
سامان سەڵاح ١١

قەزای گوڵعەنبەر (هەڵەبجە) لە سالّنامەکانی عوسمانیدا
کامەران کوردەوار و عادل صدیق ٣٣

پێشەکی

لەگەڵ ئەوەی هەڵەبجە یەکێکە لە شارە مێژوویی‌یەکانی کوردستان، بەڵام وادیارە هۆکارە مرۆیی (شەڕ و ململانێ ناوخۆیی و هەرێمییەکان) و سروشتییەکان (نەخۆشییە گوازراوەکان) لێ نەگەڕاون لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکات، هەربۆیە ئەگەر تەماشای شارەکە لە بنیاتنانییەوە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بکەین دەبینن، هەڵەبجە لە باشترین حاڵەتیدا لە گوندێکی گەورە زیاتر نەبووە، ئەگەرچی هەندێک لە سەرچاوەکانی نیوەی یەکەی سەدەی نۆزدە لەنێویاندا ڕیچ و خورشید پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنوور(١٨٤٢) وەک شار و هەندێک جار وەک شارەدێ و قەزا ناویان هێناوە.

شوێنی جوگرافی شارەکە و ئاووهەواکەی ئەگەر بەدیوێکدا هۆکارێکی بەهێزبووبێ بۆ ژیانکردن و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە و گەشەکردنی لەسەرخۆی، ئەوا بەدیوێکی تردا کردوویەتی بە بەرداشی هێزە ناوخۆیی (بابان و ئەردەڵان) و هەرێمییەکان(عوسمانیی و ئێرانییەکان)، شەڕ و جەنگیش کاولکاریی و ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لێرەوە تێدەگەین، کە بۆچی دوای زیاتر لە سەدە و نیوێک پاش بنیاتنانەوەی لەلایەن بنەماڵەکانی سیانزە ماڵە و شێخ

عەبدوڵڵای خەرپانی وەک پێویست هەنگاوی نەناوە و گەشەی نەکردووە.

بەڵام لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و زیاتریش لە دوای گیرسانەوە و نیشتەجێبوونی عەشیرەتی جاف، وەک گەورەترین عەشیرەتی باشووری کوردستان لەکۆتایی دەیەی شەستەکانی سەدەی نۆزدە، کە هاوکات بوو لەگەڵ گرتنە دەستی والییەتی بەغدا لەلایەن مەدحەت پاشا (١٨٦٩-١٨٧٢)وە گۆڕانکاری گەورە بەسەر شارەکە و هەیکەلە کارگێڕییەکەیدا هات، ئەوەش زۆرتر پەیوەندی بە چاکسازییەکانی ناوبراو لەنێویاندا نیشتەجێکردنی عەشیرەتەکان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەیکەلی کارگێڕی یەکە کارگێڕییەکانی عێراقەوە هەبوو.

لێرە بەدواوە هەڵەبجە بوو بەناوەندێکی گرنگی کارگێڕی لە سنووری لیوا یان سەنجەقی سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، یەکە کارگێڕییەکەش بە قەزای گوڵعەنبەر ئەناسراو و سنووردێکی بەرفراوانی هەبوو، بەشێوەیەک لە پێنجوێنی ئەمڕۆوە هەتا خانەقین دردێزدەبوویەوە، محەمەد پاشای جافی سەرۆکی عەشیرەتەکەش کرا (١٨٦٩/١١/٢٤) بەیەکەم قایمقامی قەزاکە.

شوێنی جوگرافی هەڵەبجە (سنوور لەگەڵ ئێران)، گەورەیی عەشیرەتی جاف و بەپێتی دەشتی شارەزوور هێندەی دیکە بایەخی قەزاکەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی زیاتر کرد، تۆمارە ڕەسمیی و ناڕەسمییەکانی ئەو دەوڵەتە

لەبـــارەی ئەم قەزایەوە لەم ڕووەوە گەواهـــی ئەوەی بـــۆ دەدەن...

عەشیرەتی جاف بەوپێیەی، کە خاوەنی هێزێکی مرۆیی و ئـابووریی و تەنـانەت ســەربازی گەورەبـوو، دەوڵەتـی عوسـمانیان ناچـارکرد، کە جیـاواز لە هەمـوو عەشـیرەت و هۆزەکـانی دیکەی باشـووری کوردسـتان مامەڵەیـان لەگەڵ بکـات، ئەم بـارە بەنزیکەیـی هەتـا کۆتاییەکـانی دەوڵەتـی عوسمانی بەردەوام بوو.

هەڵەبـجە خـاوەنی پێکهـاتەیەکی کـۆمەڵایەتی هەمەجـۆر و ئەڵقەی بەیەک گەیاندنی دیالێکتەکانی گۆران (هەورامـی وەک بەشـێک لە دیـالێکتەکە) و کرمـانجی ناوەڕاسـت و نـاوچە شاخاویی و دەشـتی شـارەزوور بـوو، خەڵکانێکی جیـاواز لە نـاوچەی جیـاوازەوە ڕوویـان لێنـاو شـارەکەیان ئـاوەدانتر کـردەوە، پاشـا و بەگزادەکـانی جـافیش لەو ڕووەوە ڕۆڵـی گرنگ و بەرچاویان گێڕا، لە دروستکردنی کۆشک و تەلار و بـازاڕی سـەرگیراو (قەیسـەری)، گەرمـاو، مـزگەوت و خـان ...هتد، ئەوانە بۆ ئەو ڕۆژگارە لە سیما شارستانییەکانی هەر شارێکی ئەو قۆناغە بوون.

هەروەک پاڵپشت و هاوکارێکی باشی مەلا و مزگەوت و حوجرەکـــان بـــوون، ســـەرچاوە مێژوویـیەکـــان دەیـــان گێڕانەوەیان لەم ڕووەوە بۆ تۆمـار کـردووین. ئەو مـزگەوت و مەدرەسـە ئاینییـانە دواتـر دەیـان گەورە زانـا و شـاعیر و ڕۆشنبیریان پێگەیاند، ئەوانەی جێ پەنجەیـان بە ئەدەبییـاتی

کوردییەوە بە ئاشکرا دیارە، ڕەنگە ئێرە دەرفەتی ناوهێنانی ئەوانی تێدا نەبێتەوە.

بەکورتی، پاشا و بەگزادەکانی جاف جگەلەوەی پۆستە ئیداریيەکانی شاریان گرتەدەست، بەو توانا ئابووریی و مرۆییەی کەلە بەردەستیاندا بوو، هەڵەبجەیان لە گوندێکی گەورەوە گواستەوە بۆ شارێکی جوان و ڕازاوە و پڕ لە ئاسایش، هەرئەوەش وایکرد خەڵکانێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کرد، ڕوو لەم ناوچەیە بکەن و تیایدا بگیرسێنەوە.

هەڵەبجە

لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا [1]

نووسینی: سامان سەڵاح

[1] ئەم بابەتە پێشتر لە گۆڤاری خاڵ ژمارە (١٢)، ئابی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی توێژەری مێژووی کورد دەبێتەوە، نەبوونی سەرچاوەی نوسراو و باوەڕپێکراوە لە سەر مێژووی کورد. هەم لە بەر دواکەوتنی کولتووری نووسین و بە ئەرشیفکردن لەنێو کورددا و هەم لەبەر مالّ لێشێوان و وێرانبوونی ئەزموونە ئیداریی و سیاسییە یەک لە دوای یەکەکان و لەناوچوونی بەڵگەنامە ئیداریەکان لەلایەکی تردەوە، گۆڕانکاریی و وێستگە مێژووییەکانی کوردستان زۆر بە ناڕوونی ماونەتەوە. بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە کۆتاییەێنان بە دەسەڵاتی میرنشینی بابانەوە تا ڕاپەڕین، مالّی کورد چەندین جار وێران و تالّان کراوە، بۆیە ئەگەر سەرچاوە بیانییەکان نەبوونایە، بەشێکی گەورەی مێژووی کورد بە ناڕوونی و لێلّی دەمایەوە.

یەکێک لەو سەرچاوە بیانییانەش کە بەشێکی گەورەی لە مێژووی ئێمە لەخۆگرتووە ئەرشیفی عوسمانییە، کە گرنگترین بەشی ئەم ئەرشیفەش سەرۆکایەتی ئەرشیفی عوسمانییە (başbakanlık osmanlı arşivi)، کە بنکەکەی دەکەوێتە ئەستەنبوڵەوە و نزیکەی ١٥٠ ملیۆن بەڵگەنامەی لەخۆگرتووە [١].

لەم ژمارەیەش بەشێکی گەورەی تایبەتە بە مێژووی کورد (ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی گەورەی مێژووی کورد لە ئەرشیفی عوسمانیدا بۆ ونکردنی بوونی کورد لە سەدەی بیستەمدا فەوتێنراوە). لەگەڵ ئەوەشدا ساغکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە کارێکی ئاسان نییە و سەرەڕای ئەوەی، کە ئەو زمانەی بەکارهێنراوە زمانێکی تێکەڵ لە تورکیی و ئەو وشە

فارسیی و عەرەبیانەیە کە لە زمانی تورکیدا واتای تایبەتی خۆیان وەرگرتووە، لەهەمانکاتدا شێوازی نووسینی بەڵگەنامەکان کە هەندێک جار بە خەتی زۆر خراپ نوسراون، ئەمە جگەلەوەی کە هەندێک وشە و دەستەواژە بە کۆد نوسراوە کە لەبەرگرتنەوە و کاری ترانسکریپشن تێیاندا پێوستی بە سەلیقە و شارەزاییەکی باش هەیە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانیش تەنها سەرچاوەیەک نییە، بۆ گەڕان بە شوێن مێژووی کورددا لەچوارچێوەی مێژووی عوسمانیدا، بەڵکو چەندین سەرچاوەی تری وەک واقیعەنووسی (کە مێژوونووسی ڕەسمی سەڵتەنەت) و سالنامەکانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە ڕووداو و گۆڕانکاریی و مومتەلەکاتی دەوڵەتی تیا خراوەتە ڕوو، کە یەکەم سالنامە لە ١٨٤٧ دا و لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە دەردەچێت، بەڵام دوای دەرکەوتنی گرنگی سالنامەی ناوەندی، کە بە سالنامەی دەوڵەتی عالییەی عوسمانییە، ناسرابوو، دەستیانکرد بەدانانی سالنامەی ویلایەتەکان و یەکەم سالنامەی ویلایەتیش سالنامەی بۆسنە بوو لە سالی ١٨٦٦دا، دواتر بۆ یەکەمجار لە سالی ١٨٩٠ سالنامەی ویلایەتی موسڵ دەردەچێت، کە هەندێک وردەکاری لەبارەی پێکهاتەی ئیداری ویلایەتەکەوە تیا خراوەتەڕوو و کەرەستەی باشی تۆژینەوەی لەسەر مێژووی کورد تێدایە. ئەگەرچی سالنامەی موسڵ تەمەنی زۆر درێژ نەبوو، تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچوو. لەم بەڵگەنامانەشدا بەشێکی پەیوەندی بە مێژووی هەڵەبجەوە هەیە، کە لەم چەند

دێڕەدا چەند بەڵگەنامەیەک لەسەر هەندێک گۆڕانکاری ئیداری لە هەڵەبجەدا ئەخەینە ڕوو.

لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری دەکرێت، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەش لەچوارچێوەی سەنجاقدا کۆمەڵێک گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوە دەبران (٢)، سەنجاقیش لەلایەن قایمقامەوە بەڕێوە دەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکان دەکات لەم قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزایە نەک قایمقام، ئەم شێوازە بەڕێوەبردنی قەزاش لە ١٨٤٢ بەدواوە بەردەوام دەبێت هەتا ١٨٦٤و لەم ڕێکەوتەوە یەکەم دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە قەزادا لە بەڕێوەبەرەوە دەبێتە قایمقام لەپاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا (٣).

لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە نوێیەدا هەریەک لە گوڵعەنبەر و هەڵەبجەش دەبن بە دوو قەزا لە لیوای سلێمانیدا، لە هەمان ساڵدا (١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) محەمەد خورشید پاشا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنوور لە کتێبی (سیاحەتنامەی حدوددا) ناوی هەریەک لە هەڵەبجە (البجە) و گوڵعەنبەر وەک دوو قەزا دەهێنێت. ئەگەرچی لە هەمان کتێبدا گوڵعەنبەر وەک قەسەبە و هەڵەبجەش وەک 'قەریە' ناویان هاتووە، واتە هەریەک لە گوندی هەڵەبجە و گوڵعەنبەر دەبن بە بنکەی گوندەکانی دەوروبەریان. دوای ئەم بەکارهێنانەش لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵنامەی ژمارە (٤)ی

١٨٥٠وە ناوی هەریەک لە گوڵعەنبەر (گوڵعەمبەر) و هەڵەبجە (علوچە) هاتووە. لە سالنامەی ١٨٥٠دا تەنانەت ناوی گوندی (گوندە)، کە ئێستا یەکێکە لە ئاوایيەکانی ناوچەی نەورۆلی پاچە سەر بە هەڵەبجە وەک یەکێک لە قەزاکانی سەر بە لیوای سلێمانی هاتووە (٤). لە سالنامەکانی دواتردا، ناوی (گوندە) نامێنێت و هەڵەبجە (کە لە ژمارەکانی دواتردا دەبێتە علوجە) و گوڵعەنبەر دەمێنێتەوە لەو ژمارانەی کە لە نێوان سالانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٦٩ دەردەچن (٥).

بەڵام دوای ئەوەی، کە یەکەی ئیداری هەڵەبجە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت گوڵعەنبەر کە لە بنەڕەتدا ناوی شارۆچکەی خورمالە، وەک ناوێک بۆ قەزاکە بەکارهاتووە کە ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە (٦). بۆیە کاتێک لە ئەرشیفی عوسمانیدا لە دوای ١٨٦٩وە قەزای گوڵعەنبەر بەکارهاتووە، مەبەست لێی شارۆچکەی هەڵەبجەیە.

ناوی هەڵەبجەش وەک لە سەرەوە باسکرا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و بە چەند ڕێنووسێکی جیاواز هاتووە. بۆ نمونە لە سالنامەکانی نێوان ١٨٥٠-١٨٦٩ دەولەتی عوسمانیدا، ناوی گوڵعەنبەر و عەلەوچە و دواتر عەلەوجە هاتووە وەک دوو قەزای لیوای سلێمانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە بەڵگەنامەکانی تردا بە "ئەلەبجە" (٧)، و بەکەمی "حلبجە" ش بە کارهاتووە و جاروبار (ئەلیجە)ش بەکارهاتووە.

ناوی گوڵعەنبەریش، کە دەبێتە ناوی قەزاکە، لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، ئەتوانین بڵێین چوار قۆناغی بەکارهێنانی هەیە:

١- قۆناغی یەکەم، ئەو بەڵگەنامانەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەوە دەستپێدەکات و تایبەتە بە قەڵای گوڵعەنبەر وەک خاڵێکی سەربازیی و سنووری.

٢- دووەم بەکارهێنان، ناوی گوڵعەنبەرە وەک شارۆچکەی گوڵعەنبەر، کە دەکاتە خورمالّی ئێستا و بە قەصەبەی گوڵعەنبەر ناوی هاتووە، لە دەوروبەری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە.

٣- بەکارهێنانی سێیەمیش، ناوی گوڵعەنبەرە وەک قەزا لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە لە پاڵ هەڵەبجە و پێنجوێن و وارماوا و شوێنەکانی تردا تا ١٨٦٩.

٤- بەکارهێنانی چوارەمیش، قەزای گوڵعەنبەر و قەصەبە و هەندێ جار قەرییەی گوڵعەنبەرە، کە لە ١٨٦٩ وە دەستپێدەکات هەتا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی، کە قەزای گوڵعەنبەر شارۆچکەی هەڵەبجە بنکەکەیەتی و قەرییەی گوڵعەبەریش بەشێکە لەو قەزایە. ئەگەرچی هەندێک جار لەم ماوەیەدا قەسەبەی گوڵعەنبەریش (بەهەڵە) بەکارهێناوە بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە.

لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامە ئیدارییانەش، کە تایبەتن بە مێژووی هەڵەبجەوە ئەم چەند بەڵگەنامەیە، بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی چەند وێستگەیەکی گۆڕانکاری ئیداری ئەخەنە ڕوو لە هەڵەبجەدا.

١- جگـه لـه سـالْنامەکان ئەمـەی خـوارەوە کـۆنترین بەلْگەنامـەی بەردەستە لـە سـەرۆکایەتی ئەرشـیفی عوسـمانیدا، کـه تێیـدا نـاوی گولْعەنبـەر وەک قـەزا هـاتووە و بـەپێی بەلْگەنامەکـه بەڕێوەبـەری قـەزای گولْعەنبـەر ئەحمـەد ئەفەندی بەهۆی نەتوانین (عدم اقتدار)وە لادەدرێت و عەبدولْلا ئاغا لـە شوێنی دادەنرێت، مێژووی بەلْگەنامەکـه دەگەڕێتـەوە بـۆ (١٠ی شـەعبانی ١٢٧٢ک/ ١٦ی نیسـانی ١٨٥٦). لـەم بەلْگەنامەیـەدا گولْعەنبـەر وادیـارە مەبەسـت لێـی خورمالْـە، نـەک هەلْبجـە لەبەرئەوەی لەم ماوەدا گولْعەنبەر و هەلْبجە وەک دوو قەزای جیا لە سالْنامەکاندا ناویان هاتووە.

ئـەوەی لـە بەلْگەنامەکـەدا ڕوونـە ئەوەیـە، کـە پـێش ئـەم ڕێکەوتە ئەحمەد ئەفەندی مدیری قەزاکە بووە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێک، کـە پـێش ئـەم بـەروارەش گولْعەنبـەر وەک قـەزا مامەلْـــەی لەگـــەلْ کـــراوە و دوای ئـــەم ڕێکەوتـــەش لـــە بەلْگەمـــەناکانی تـــردا جگـــە لـــە ســـالْنامەکان چ مەبەسـت لێـی خورمالْ بووبێت و چ مەبەست لێی هەلْبجە بێت بەشـێوەیەکی گشتی ناوی گولْعەنبەر وەک قەزا هاتووە. بۆ نموونە داواکاری موچـەی محەمـەد صـادق، کـە خـەلْکی قـەزای گولْعەنبـەرە لـە ئەسـتەنبولْدا لـە ڕۆژی ١٨٥٩/٩/٧ (٨). بەلْگەنامەیـەک لەسـەر دامەزرانـدنی فـەتحولْلا ئەفەنـدی وەک مـودیری مەدرەسـەی قـــەزای گولْعەنبـــەر لـــە ١٠ی حـــوزەیرانی ١٨٧٢دا (٩)، بەلْگەنامەیـەک لەسـەر داهـاتی بـاج لـە سـەنجاقی سـلێمانی و قەزای گولْعەنبەر لە ١٤ی مایسی ١٨٧٤ (١٠).



İ.MVL.00353

٢- بەڵگەنامەی دووەم، کە بەرواری یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی هەڵەبجەیە بریتییە لە جێگیرکردنی عەشیرەتی جاف لە هەڵەبجە و فەرمانی دامەزراندنی محەمەد پاشای جاف وەک قایمقامی قەزاکە، کە لە بەرواری ١٨٦٩/١١/٢٤ نێردراوە بۆ ویلایەتی بەغداد.

وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کە لە سەنجاقی سلێمانیدا کراوە، یەکێک لەو پێنج قەزایەی کە

دەکەوێتە سەنجاقەکەوە (١١) و بریتییە لە دەشتی پانوبەرینی گوڵعەنبەر کە نزیک سنوری ئێرانە و هەوارگەی زستانەی عەشیرەتی جافە، لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەکرێتە قایماقامییەت و محەمەد بەگ (دیارە هەتا ئەم کاتە نازناوی پاشای وەرنەگرتووە) سەرۆکی جاف دەکرێتە قایمقامی قەزاکە و زەوییەکانی ئەم قەزایە پارچە پارچە دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی ئەم عەشیرەتەدا، ئەو مالانەشی کە هاتووچۆی ئێرانیان دەکرد نیشتەجێ دەکرێن ... و کورێ ناوبرا و بەناوی مەحمود بەگ دەکرێتە قاپیچی دەرگاهی عالی (ئەم پۆستەیان پاراستنی ئاسایشی لە ئەستۆدا بوو)....



ئەوەی گرنگە لەم بەڵگەنامەیەدا تێبینی بکەین ئەوەیە کە پێش ئەم بەرواره قەزای هەڵەبجە لەبری قایمقام، بەڕێوەبەری هەبووە و لەم بەرواره بەولاوە ئیدارەی قەزاکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت. بەم پێیەش ئەگەر قەزا وەک ناو وەرگرین ئەوا ساڵی ١٨٤٢ز مێژووی بە قەزابوونی شارەکەیە و ئەگەر قەزا بەو شێوازە ئیداریە وەرگرین، کە ئێستا هەیە، ئەوا ساڵی ١٨٦٩ مێژووی بە قەزابوونی شاری هەڵەبجە و دانانی یەکەم قایمقامە بۆ قەزاکە.

محەمەد پاشاش لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە هەتا ١٨٧٣ (١٢)، دواتر لەسەر قایل نەبوونی بە نیشتەجێکردنی جافەکان و وازهێنان لە کوێستان و گەرمیان نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا تێکدەچێت و ڕوو دەکاتە ئێران، ئەم هۆکارە سەرەڕای ئەوەی لە سەرچاوەکانی جافدا تۆمارکراوە لە ئەرشیفی عوسمانیشدا وەک هۆکاری ڕووکردنە ئێرانی محەمەد پاشا ئاماژەی پێکراوە (١٣).

بەپێی گێڕانەوەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لە دوای محەمەد پاشا، محەمەد بەگی قادر پاشا دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە (١٤)، وادیارە ئەویش زۆر لەو پۆستەدا نەماوەتەوە، چونکە بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی بەغدادی ساڵی (١٢٩٢ک/ ١٨٧٥-١٨٧٦ز) محەمەد ساڵح بەگ ناوێک قایمقامی گوڵعەنبەر (هەڵەبجە) بووە (١٥)، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە لە ئەرشیفی عوسمانیدا کەمترین نوسراو و بەڵگە لەسەر ئەو سەردەمانەی گوڵعەنبەر دەست دەکەوێت، کە تیایدا گوڵعەنبەر خاڵییە لە جاف. ئیدی تەقریبەن لەگەڵ کۆچی جافەکاندا

قورسایی سیاسی گوڵەنبەریش دەکوژێتەوە و باسی نامێنێت. دواتر بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی لە ١٨٧٧/٣/٢٩ محەمەد پاشا مەزبەتەی بوونەوە بە قایمقامی هەڵەبجە پڕ دەکاتەوە (١٦) و لەم پۆستەدا بەردەوام دەبێت هەتا کاتی کوژرانی لە ١٥ی جمادی الأول ١٢٩٩ک/٤ی نیسانی ١٨٨٠ لە ناوچەی (چیمەنی برایم سەمین)ی نزیک کفری، لەوکاتەی کە سەرقاڵی ڕاوکردن بووە لەلایەن تیرەی (کەرەم وەیسییەکان)ەوە غافڵکوژ دەکرێت.

٣- بەداخەوە بەڵگەیەکمان لە بەردەست نییە لەسەر فەرمان و بەرواری دەقیقی دەستبەکاربوونی مەحمود پاشا، کە دوای باوکی دەبێتە قایماقامی هەڵەبجە، بەڵام ئەمەی خوارەوە فەرمانی لەسەر کار لابردنی مەحمود پاشا و دانانی عوسمان پاشای برایەتی وەک قایمقامی هەڵەبجە.

ئەم بەڵگەنامەیە، وەک لە سەری نوسراوە مەحرەمانە (نهێنی)و مێژووی فرمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٨٨/١١/٢٥ (بە پشتبەستن بە فرمانی سوڵتان، کە سێ ڕۆژ پێشتر دەرکراوە واتە (١٨٨٨/١١/٢٢) و دواتر بە فەرمی لەلایەن سەدری ئەعزەمەوە ئاڕاستەی داخلییەی نەزارەت (ڕۆڵی وەزارەتی ناوخۆی بینیوە) دەکرێت، بە فەرمانی ڕەسمی (مەکتوبی قەڵەمی) لە ڕێکەوتی ١٨٨٨/١١/٢٥دەردەچێت.

بەپێی فرمانەکە عەشیرەتی جاف کە لە چوارچێوەی سەنجاقی سلێمانیدا، بەسەر قەزاکانی شارەزوور و بازیان و گوڵەنبەر و ناحییەی صەڵاحییە (کفری)دا بڵاوبوونەتەوە، بەشێوەکی گشتی جێگای خۆشنودی دەسەڵاتی عوسمانین،

بەڵام ڕەئیسی عەشیرەتەکە کە لەهەمانکاتدا قایمقامی قەزای گوڵعەنبەرە بەهۆی سەرەڕۆییەکانییەوە لە پۆستەکەی لادەبرێت و پلەی میری میرانی پێ دەدرێت و ڕەوانەی ئورفە دەکرێت و دەکرێتە موتەسەڕیفی ئەو شارە، لە جێگایدا عوسمان پاشای برای بە قایمقامی هەڵەبجەدا ئەنرێت.

. وێنەکە فرمانی کۆتاییە و لە مسوەدەکەی دەفتەری سەدارەتدا ئەوەی تیانوسراوە، کە عوسمان پاشای برای دوای لابردنی والی موسڵ لە شوێنیدا دادەنرێت، بەڵام دواتر هێڵێکی بەسەردا هاتووە و لە فرمانە ڕەسمییەکەدا نەماوە.



A.}MKT.MHM.00498.00070.001

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە مەحمود پاشا هەرگیز نەچووە بەدەم ئەم فەرمانەوە و دوای چوار مانگ لە بری ئورفە ڕوو لە ئەستەنبوڵ دەکات، بە ئومێدی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکە (١٧)، بەڵام جارێکی تر نابێتەوە بە قایمقام و لە بری ئەو عوسمان پاشا قایمقامی هەڵەبجە دەبێت.

٤- لە ماوەی فەرمانڕەوایی و عوسمان پاشا و بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا چەندین نوسراوی لە دژ بەرز دەکرێتەوە و چەندین تەلەگرافی نامە گۆڕینەوە لەسەر هێشتنەوە یان لابردنی لەسەر دەسەڵات لە نێوان ئەستەنبوڵ و موسڵدا بەرچاو دەکەوێت، کە لەم نووسینەدا بواری خستنە ڕوویان نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ساڵێک بەر لە لادانی لە قایماقمییەت و لە حوزەیرانی ١٩٠٧ بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشتی موسڵ دەکرێت و ماوەی (٩) مانگ لە موسڵ دەهێڵدرێتەوە و لە شوێنیدا جێگری قایمقامی ڕەواندز بەکاتی دادەمەزرێت (١٨). دواتر لە مانگی شوباتی ١٩٠٨ دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر کارەکەی (١٩). لە کۆتاییەکانی ١٩٠٨وە بابەتی لەسەرکارلادانی دەبێتە شتێکی حەتمیی و دەوڵەتی عوسمانی بۆ جێگرتنەوەی عوسمان پاشا چەندین هەوڵی پڕ وەسوەسە دەدات. لە ١٩٠٨/٨/١ والی موسڵ تەلەگرافێک ئاڕاستەی ئەستەنبوڵ دەکات لەسەر ئەوەی، کە کەسێکی گونجاو لەگەڵ مەزاجی عەشائیری جافدا لە جێگەی عوسمان پاشادا دابنرێت (٢٠).

لە ڕێکەوتی ١٩٠٨/١٢/٧ بڕیاری دانانی عەبدولفەتاح ئەفەندی دەدرێت، کە سەر بە عەشیرەتی جافە و تا ئەوکات لە

بـەیروت فەرمانبـەری دەوڵـەت بـووە (٢١)، بـەڵام لەبـەر هـەر هۆکارێـک بێـت ئەمـە سـەرناگرێت و دواتـر لـە ١٩٠٨/١٢/٢٨ فرمـانی دانـانی ئیسـماعیل حـەقی ئەفەنـدی لـە قایمقامییـەتی چارشەنبە (شارێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)وە لە جێی عوسمان پاشا دەدرێت (٢٢). بەمەش بۆ یەکەمجار بـە ڕەسـمی قایمقـامێتی گوڵعەنبـەر دەدرێتـە دەسـتی یـەکێک لـە دەرەوەی خـەڵکی شـارەکە و عەشـیرەتی جـاف، لـە بەرامبـەر ئەمەشدا لە ١٩٠٩/٣/٦دا نزیکەی پەنجا کەسایەتی شارەکە کە بەشێکیان لە بەگزەکانی جافن، (ئەگەرچی ناوی مـەحمود پاشـا و کوڕەکانی تیا نییە) نامەیـەکی دوورودرێژ ئاڕاستەی سـەدری ئەعزەم دەکەن، لە نامەکەدا داوای ئەوە ئەکەن کە پێداچوونەوە بە بڕیاری دانـانی کەسێکی تر لـەبری جافـەکان لـە قایمقامیتی هەڵەبجـەدا بکرێت و لەبـەر بەرژەوەندی شـارەکە کەسـێک لـە بـەگزادەکانی جـاف و بەتایبـەت عوسـمان پاشـا بکرێتـەوە بـە قایمقام لـە شـارەکەدا، لەبەرئـەوەی کـە بیسـت سـاڵە ئاسایشـی شـارەکەی پاراسـتووە و لـەناو عەشـائیری جافـدا بەقسـەی دەکرێت و پەیوەندی لەگەڵ هـەموو لایەکدا هەیـە (٢٣). زۆری پێ ناچێت ئیسماعیل حەقی ئەفەندیش، بەبیانووی نەخۆشی (کە دوور نییە لـەژێر فشـاری جافەکاندا ئەمـەی کردبێت) ناتوانێت کـاری قایمقـامێتی لـە هەڵەبجـەدا بکـات و لـە مـانگی نیسـانی ١٩٠٩دا مشتومڕی دانانی کەسێکی تر دێتە ئاراوە. لە بەرامبـەر ئەمـەدا و (١٠) ڕۆژ دوای نامەکـەی کەسـایەتییەکانی جـاف وەزارەتـی نـاوخۆ (داخلیـە نظـارت) نامەیـەک ئاڕاسـتەی والـی موسـڵ دەکـات و داوای ڕوونکردنـەوەیان لـێ دەکـەن لەسـەر

دانانی قایمقامی نوێی هەڵەبجە، کە ئەمەی خوارەوە، وێنەی نوسینەوەی تەلەگرافەکەیە.

بۆ بەڕێز ڕەشید پاشا والی موسڵ:

بەهۆی لابردنی قایمقامقی گوڵعەنبەر عوسمان پاشا لەسەر ئەو شکایەتە یەک لە دوای یەکانەی، کە دژی ناوبرا و هەبوو و دانانی مستەفا ئیسماعیل حەقی لە قایمقامییەتی (چهارشەنبە)وە و وەرگرتنەوەی پۆستی قایمقامییەت و دەسەڵات بەتەواوی لە جافەکان بە نەخوازراو دەزانرێت و دامەزراندنی برای ناوبراو محەمەد عەلی بەگ بە پلەی قایمقام بە گونجاو دەزانرێت.

لەو تەلەگرافنامەی کە عوسمان پاشا ناردوویەتی بۆ مەجلیسی مەبعوسان ئاماژەی بەوە کردووە، کە بیست ساڵە لە دابینکردنی ئاسایشدا سەرکەوتوو بووە و بۆ پارێز لە تواناکانی **** و ئەوەی، کە عەشائیرەکانی قەزای ناوبراو گوێڕایەڵی بەگزادەکان ئەکەن و لە شوێنی وەسمان پاشادا *** لە بەرامبەر تەعینکردنی کەسێکی تردا*** لەگەڵ گوزارشتکردن لە دۆخی موئسیفانە لەبارەیەوە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تەلەگرافەی، کە بە ئیمزای سەرۆکەکانی جافەوە لە ١٩٠٩/٣/٦وە لە سەڵاحییەوە (کفری) نێردراوە موتاڵای بابەتەکە بکرێت و بەلەبەرچاوگرتنی ئەمە کەسێک لە بەگزادەکان یان کەسێکی دەرەکی بکرێتە قایمقام بەپێی لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە و بەرژەوەندی (بەشێکی تری نوسراوەکەش پەیوەندی بە شکاتێکەوە هەیە، کە لە مەحمود پاشا کراوە).



'68.00028.008

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە دوای ئەم بەرواڕە و لەم ساڵەدا عوسمان پاشا کۆچی دوایی دەکات، کە دیارە پێشتریش نەخۆش بووە، چونکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر کاتێک بانگهێشتی موسڵ کرابوو بۆ لێپێچینەوەی جاری یەکەم چووەتە سلێمانی و بەبیانووی نەخۆشییەوە گەڕاوەتەوە هەڵەبجە (٢٤).

دوای عوسمان پاشا بەقسەی مێجەرسۆن بۆ ماوەی چەند مانگێک مەجید بەگی کوڕە گەورەی عوسمان پاشا دەبێتە

قایمقـامی هەڵەبجـە (٢٥)، ئەگـەرچی کـاتی دەسـبەکاربوون و دەستلەکارکیشانەوەی بەتەواوی دیار نییە، بـەڵام لـە سـاڵنامەی ١٩٠٩ی دەوڵـەتی عوسـمانیدا، نـاوی مەجیـد ئەفەنـدی وەک قایماقامی گوڵەنبـەر هـاتووە (٢٦). ئـەوەی دوای ئـەم بـەرواره دێـت، عەبدولمەجیـد ئەفەندییـە، کـە ١٩٠١١/٣/٢٨ فرمانەکـەی دەردەچێـت و لـە (مـەلازگرد)ەوە ڕەوانـەی هەڵەبجـەی ئەکـەن (٢٧)، دواتـر عەبدولمەجیـد ئەفەنـدیش لـە ١٩١٣/١٢/١٤ لەگـەڵ محەمەد عەلی بەگی قایمقامی ئامێدیدا ئاڵوگۆڕی شـوێنیان پێ دەکرێـت (٢٨)، ئـەم ئـاڵوگۆڕە لـە سیاسـەتی بـەڕێوەبردنی عوسمانیدا لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی لـە پلـەی ئیداری هاوتـای یەکتردا بوون شتێکی باو بووە و لـە فەرهـەنگی عوسـمانیدا بـە (بـەجایش) بـەناوبانگ بـووە، کـە وشـەکە لـە بنەڕەتـدا لـە فارسییەوە وەرگیراوە.

محەمەد عەلی بەگ بەردەوام دەبێت لە کاری قایمقامێتی تا ١٩١٤/٦/١٧ و لەم بەروارەوە ئیبراهیم ئەدهەمی قایمقامی کۆیە دەکرێتـە قایمقـامی هەڵەبجـە (٢٩). وادیـارە ئـەمیش زۆر نەماوەتەوە، چونکە لە ساڵنامەی (١٣٣٣-١٣٣٤ک)دا ئەمین بەگ ناوێک وەک قایمقامی گوڵەنبەر ناوی هـاتووە (٣٠). ئەگـەرچی جگـە لەمـە بەڵگەیـەکی ترمـان لەبەردەسـتدا نییـە لەسـەر کـاتی دەسـتبەکاربوون و لادرانـی. دواتـر لـە ١٩١٦/٦/٢٢ ئیبـراهیم بـەگ کـە قایمقـامی واردۆ (دەکەوێتـە باکووری کوردسـتانەوە) دەبێت وەک قایمقـام دەگوازرێتـەوە بـۆ گوڵەنبـەر (٣١) و لـە ١٩١٦/١٠/٢٩یـش سـوڵتان بـەگ دەبێتـە قایمقـام، نـاوبراو لـەو پۆسـتەدا دەمێنێتـەوە هـەتا کـانوونی دووەمـی ١٩١٨ (٣٢)، لـە

دوای ئەویش وەک لە تۆمارە عوسمانییەکاندا هاتووە لە ڕێکەوتی ١٩١٨/٣/٤ ئەمین بەگ دەبێتە قایمقام (٣٣).

ئەمانە چەند بەڵگەنامەیەکن لەسەر فرمانی ئیداریان و دیار نییە، کە چەندیان بە فیعلی قایمقامێتییان لە هەڵەبجەدا کردووە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئیدی لە ١٩١٨ و هاتنی ئینگلیزەوە قایمقامێتی هەڵەبجە دەگەڕێتەوە دەست بەگزادەکانی جاف.

دەسەڵاتداریێتی جاف بۆ ئەو ماوە درێژە لە هەڵەبجەدا و بەتایبەتیش قایمقامێتی عوسمان پاشا شتێکی تایبەتە و پەیوەندی بە سەنگ و قورسایی جاف و سروشتی ڕامنەکراوی جافەوە هەبووە و لە مێژووی عوسمانیدا و بەدەگمەن ڕێگایان بە کەسێک داوە بۆماوەیەکی درێژ بەسەر شوێنێکەوە فەرمانڕەوا بێت، بەڵام دوای مەجید بەگ ئیدی فەرمانڕەوایی دەکەوێتە دەست کاربەدەستانی عوسمانی و لە ماوەی سالانی (١٩٠٩ – ١٩١٨)دا چەندین کەس وەک قایمقام دادەنرێت و لادەبرێت.

ئەوەشی کە دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەکاتەوە لە لادانی سەرۆکەکانی جاف، لە قایمقامێتی هەڵەبجە ئەوەیە، کە چیتر جاف وەک عەشیرەتێکی کۆچەر نەماوەتەوە کە بە قسەی سەرۆکەکانی هەوارگە بگوازێتەوە و بار بکات و ڕام و شاری بوو و خەڵکی بە کشتوکاڵ و پیشەوەرییەوە سەرقاڵ بوو.

پێش نیشتەجێبوونی جاف هیچ دەسەڵاتێک نەیدەتوانی بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لە سەردەمی محەمەد پاشادا کاتێک عومەر پاشای والی بەغدا داوای نیشتەجێبوونی

عەشیرەتەکەی لە محەمەد پاشا دەکات، محەمەد پاشا پێیوا دەبێ کە سەرقاڵکردنی جاف بە کشتوکاڵەوە مانای دیلکردنیانە و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەوان:"وەک بازێک سەربەستن و کۆێیان بە دڵ بوو لە وێ دەنیشنەوە، چۆن بەدەستی خۆیان دەست و پەلی خۆیان دەخەنە زنجیرەوە؟ هەر شوێنێک ئەوانی پیا بڕۆن مواڵکی جافە چ لە ئێران و چ لە (خاکی) عوسمانی" (٣٤).

بەاڵم ئەو مەترسییانەی، کە پێش نزیکەی چل ساڵ محەمەد پاشا لەسەر نیشتەجێبوونی جاف دابووی لە کۆتاییەکانی قایماقامێتی عوسمان پاشادا هاتەدیی و کاری ئاژەاڵداری گۆڕا و بوو بە کشتوکاڵ و دڵ و گوزەرانی خەاڵکی بەسترابوویەوە بە زەوییەکانیانەوە و خێوەت و هەواری جاف گۆڕابوو بەو کۆشک و خان و خانووانەی، کە جێهێشتن و لێبووردنیان، کارێکی ئاسان نەبوو.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

1 Örenç, Ali Fuat. Yakınçağ Tarihi, Akademi Titiz Yayınları, 2006.s.6

2 ARSLAN, Barış. "H. 1265 (M. 1849) DEVLET SALNAMESİNE GÖRE OSMANLI İDARİ YAPISI." (2007).S.77

3 ARSLAN, Barış. "H. 1265 (M. 1849) DEVLET SALNAMESİNE GÖRE OSMANLI İDARİ YAPISI." (2007). S.80

[4] سالنامه دولت علیه عثمانیه ١٢٦٦ /٤ ص٨٧.

[5] بۆ ئەمە پشتم بە ژمارەکانی ١١ و ١٢ و ١٦ و ٢٤ی سالنامە دولت علیه عثمانیه بەستووە، کە لە ساڵەکانی ١٨٥٦ و ١٨٥٧ و ١٨٦١ و ١٨٦٩ دەرچوون. (ژمارەکانی تر بەردەست نەبوون).

6 Eroğlu, Cengiz, Murat Babuçcuoğlu, and Orhan Özdil. Osmanlı vilayet salnamelerinde Musul. Global Strateji Enstitüsü, 2005.s.31

[7] بە نمونە BOA, Y..PRK.ASK. 248 6 1 14 Camadıl evvel 1325

8 BOA, MVL 828, 86 9,sefer 1276

9 BOA, İ..DH.. 655, 45538 1 25 CA 1289

10 BOA, İ..DH.. 692 48393 25 L 1891

[11] ئەو پێنج قەزایە بریتي بوون لە گوڵەنبەر و قەرەداغ و بازیان و مەرگە و شەهرپازار کە ئەمەی دووایيان مەرکەزەکەی سیتەک بووە. بروانە سالنامەی ١٨٧٤ ی دەوڵەتی عالییەی عوسمانییە ل ٢٥٤.

١٢. کــەریم بــەگی فــەتاح بــەگی جــاف، تــەئریخی جــاف، لێکۆڵینەوەی کتۆر حەسەن جاف ١٩٩٥، ل ١٧٣.

13 BOA, DH.MKT. 1322 89 1

١٤. هەمان سەرچاوە، ل١٧٦.

١٥. سالنامات ویلایت بغداد (١٢٩٢ک)، دفعە١، مطبعة ویلایت بغداد، ل١٠٠.

16 BOA, DH.MKT. 1322, 89 14 L 1294

17 BOA, MV. 43 21, 1306 N 8 (20/4/1890)

18 BOA, DH. ŞFR. 382 66 1323 H 06

19 BOA, DH. ŞFR. 392 106 1323 Ks 22

20 BOA, DH. ŞFR. 406 59 19 Te 1324

21 BOA, DH.MKT. 2677 70 1326 Za. 13

22 BOA,DH.MKT. 2694 10 1326 Z. 4

23BOA, DH.MKT. 2768 28 22 Ş 1324

24 BOA, DH. ŞFR. 380 78 1323 my 09

25. وەرگێراوە لە عادل صدیق علی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، سلێمانی ٢٠١١، ل ١٧٦.

26. سالنامە دولت علیە عثمانیە ٦٦ ١٣٢٧.

27 BOA, BEO 3874 290512 1329 R. 21

28BOA, BEO 4239 317887 1332 M. 15

29 BOA BEO 4292 321900 1332 B. 24

٣٠. سالنامە دولت علیئە عثمانیە ١٣٣٣-١٣٣٤.

31 BOA, BEO 4419 331425 1334 Ş 21

32 BOA, İ..DU İT 44 89 1335 M. 02

33 BOA, İ..DU İT 46 81 1336 C. 21

34. کــەریم بــەگی فــەتاح بــەگی جــاف، تــەئریخی جــاف، لێکۆڵینەوەی کتۆر حەسەن جاف ١٩٩٥، ل٥٢.

قەزای گوڵعەنبەر (هەڵەبجە)
لە سالنامەکانی عوسمانیدا [1]

نووسینی: کامەران کوردەوار و عادل صدیق

[1] ئەم توێژینەوەیە پێشتر لە گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، Volume 7, Issue 4, Desember 2022 بڵاوکراوەتەوە.

پێشەکی

قـــەزای گوڵعەنبـــەر هـــەروەک لـــە بەڵگەنامـــە و تۆمـــارە ڕەسمییەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا دەردەکەوێت، یەکێک بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئەو دەوڵەتە، هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکە و خاکەکـەیی و ئـەو خەڵکانـەی لـەم ناوچەیـەدا نیشـتەجێ بـوون بەتایبەتی عەشیرەتی گەورەی جاف وایکردبوو کە ناوچەکە ببێتە جێگای بایەخی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و لە نزیکەوە بەوردی چاودێریی بکەن، بەتایبـەت ئەگـەر ئـەوە بزانین ناوچەکە لـە سـێ لاوە هاوسـنوور بـووە لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێران و هاوکات جێگای تیاگەڕانی گەورەترین عەشیرەتی کوردی ناوچەکـەی ئـەو ڕۆژگـارە بـووە، ناوچەکـە و عەشـیرەتەکەش هەمیشـە مایـەی چـاوتێبڕینی ئێرانییـەکان بـوون و دەوڵـەتی عوسـمانیش هـەموو تواناکانی خۆی خستبووە کار بۆ ئەوەی خاک و خەڵکەکەی لە بندەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەوە جگە لە بـەپیتی خاکەکـەیی و ئـەو بەرهەمانەی کە لەم ناوچەیە بەرهەم هـاتوون کـە سـەرچاوەیەکی گرنگی خۆراک و هاوکات باج بوون بۆ دەوڵەتی عوسـمانی، بۆیـە گرنگـی پێـدان و لالێکردنـەوەی لەلایـەن دەوڵـەتی عوسـمانییەوە شتێکی سرووشـتی بـووە و ڕەنگدانـەوەی ناوچەکـەش لـە تۆمـارە ڕەسـمی و نـا ڕەسـمییەکانی ئـەو دەوڵەتـەدا بەرئـەنجامی ئـەو بایەخەیـە کـە ناوچەکـە هـەیبووە بـۆ ئـەو دەوڵەتـە، لـەو ڕوانگـەوە لێکۆڵینەوە کردن لەسەر بابـەتێکی لـەم چەشـنە سـودبەخش دەبـێ بۆ خوێنەران و لێکۆڵەرەوان.

دەروازە

ـ شۆڕشی هەڵەبجە لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکاندا

دوای ئەوەی عوسمانییەکان لەگەڵ سەفەوییەکان کەوتنە ململانێ لەسەر سنووری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و چەند هەڵمەتێکیان بەو ئاڕاستەیە ئەنجامدا، توانییان لە ساڵی ١٥٥٢ – ١٥٥٣ز ناوچەی شارەزوور، وەک دەرگایەک بۆ گەیشتن بە بەغدا و قەڵایەک بۆ پاراستنی سنووردەکانی ڕۆژهەڵات، دەستبەسەردا بگرن. لە دوای ئەوە عوسمانییەکان گرنگییەکی تایبەتیان بە ناوچەکە دا و قەڵای گوڵعەنبەر (خورماڵی ئێستا) یان بنیاتنایەوە و لە ڕێکخستنە کارگێڕییەکانی دەوڵەتەکەیاندا وەک ناوەندی ئیالەتی شارەزوور دیارییان کرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات قەڵای گوڵعەنبەر، کە وەک بنکەیەکی گرنگی سەربازیی بوو بەرامبەر ئێران، گرنگی جارانی نەما و شاری کەرکوک وەک ناوەندی ئیالەتەکە جێگای گرتەوە (سەڵاح، ٢٠١٧: ل ١٠٩ –١١٧؛ کۆچ، ٢٠٢٠: ل ٢٢ –٣٤). سلێمانیش هەتا ساڵی ١٨٥١ کە میرنشینی بابان بەیەکجاری کۆتایی هات، لەڕووی ئیداریەوە سەنجەقێکی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بوو، بەڵام لەوە بەدوا سەنجەقی سلێمانی بەسترایەوە بە ئەیالەتی بەغداوە، لەگەڵ دروستبوونی ویلایەتی موسڵ (١٨٧٩)دا سەنجەقی سلێمانی لە بەغدا دابڕێنرا و خرایە سەر موسڵ، ئەم گۆڕانکارییەی کۆتایی هەتا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو (الحمیداوی، ٢٠٠٩: ص١٨٣).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدرا، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە چوارچێوەی سەنجەقدا کۆمەڵێک گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوە دەبران، سەنجاقیش لەلایەن قائیمقامەوە بەڕێوە دەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکانی دەکرد لەو قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزابوو نەک قائیمقام، ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی قەزا لە ١٨٤٢وە هەتا ساڵی ١٨٦٤ بەردەوام بوو، لەم ڕێکەوتەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قەزا لە بەڕێوەبەرەوە گوازرایەوە بۆ قائیمقام لە پاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا.

دوای دروستبوونی لیوای سلێمانی (١٨٥٠ -١٨٥١)، هەریەک لە گوڵەنبەر و هەڵەبجە سەرەتا بوون بە دوو قەزای سەربەخۆ لە لیوای سلێمانیدا پاشان لەچوارچێوەی یەک قەزا بەناوی گوڵەنبەر، کە شارۆچکەی هەڵەبجە مەڵبەندەکەی بوو، بە لیواکەوە بەسترانەوە (سەلاح ، ٢٠١٧: ل١١٠-١١١) و محەمەد پاشای جاف (١٨٦٩) کرایە یەکەمین قائیمقامی قەزاکە، دوای ئەم گۆڕانکارییە چیتر گوڵەنبەری کۆن (خورماڵ) وەک یەکەیەکی کارگێڕی نەمایەوە هەتا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی وەک ناوەندێکی کارگێڕی، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی (خورماڵ)و وەک ناحیەیەکی سەر بە قەزای هەڵەبجە نەک قەزایەکی سەربەخۆ (عەلی، ٢٠٢٠: ل٤٩).

بەشی یەکەم

هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای گوڵعەنبەر و پێکهاتەی دانیشتوانەکەی

باسی یەکەم/ جوگرافیا و ڕووی زەوی

بەپێی زانیاریی سالنامەکان ناوی (گوڵعەنبەر) لە لایەن سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە (١٥٢٠-١٥٦٦) بەسەر ئەم ناوچەیەدا بڕاوە و بایەخی تایبەتی بە ناوچەکە داوە و مزگەوتێکیشی لە شارۆچکەکە بنیاتناوە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠). دوای ئەوەی لە سەدەی ١٩ گوڵعەنبەر وەک قەزایەک لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانی دەرکەوتووە، هەڵکەوتە جوگرافییەکەی بەشێوەیەک بووە کە کەوتووەتە سەر سنووری ئێران (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨)، وەک قایمقامیەتێکی گەورە، ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی سلێمانی دەورە داوە، دێی ئەلەبجە (هەلەبجە)ش بووەتە ناوەندی کارگێڕیی قەزاکە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل ٣٣١؛ سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩).

سالنامەکان ئەلەبجە[1] بە لادێیەکی گەورە ناودەبەن کە هاوشێوەی شارۆچکەیەکە، بازاڕێکی قەیسەری (تاریکە بازاڕ)،

[1] شەمسەدین سامی لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا کە لە سالی ١٨٩٥ بلاوکراوەتەوە سەبارەت بە قەزای گوڵعەنبەر دەلێت: گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە لەوپەڕی باکووری خۆرهەلاتی لیوا و ویلایەتە، لە لیوای سلێمانی

دوکـــان و قاوەخانـــە، حـــەمامێک، چەنـــد مزگـــەوتێک و قوتابخانەیەکی تێدایە. هەرچی گوندی گوڵعەنبەر (خورماڵ)ە، نزیک لە سنووری ئێرانە و سێ کاتژمێر لە ئەڵەبجەوە دوورە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١). شەمسەدین سامی (١٨٩٥) سەبارەت بە قەزاکە دەڵێت:" گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە لەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەتە، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی موسڵ، لە خۆرئاواوە بە سلێمانی و قەزای شارەزوور (کەرکوک) و لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە. شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانونییەوە بنیادنراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێرانداید. دێی ئەڵەبچە (هەڵەبجە)، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دانیشتوان و

و ویلایەتی موسڵ، لە خۆرئاواوە بە سلێمانی و قەزای شارەزوور (کەرکوک)، لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە. شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لەلایەن بەهەشتی سوڵتان سلێمان خانی قانونییەوە بنیادنراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێرانداید. دێی ئەڵەبچە (هەڵەبجە)، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دانیشتوان و شتی وەک مزگەوت و قوتابخانە و خان و بازاڕی هەیە و قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، جگە لە خەڵکی نیشتەجێی تیگەڕانی عەشیرەتی (جاف)یشە. قایمقامی قەزاکە بەزۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە. قەزا شاخاوییە و بەروبوومەکەی دانەوێڵە و میوە و لە جۆرەکانی دیکەی هەیە. خەڵکی عەشیرەتەکە ئاژەڵێکی زۆر پێدەگەیەنن و لە خوریی و مووی ئەمانەش بەڕە و عەبا و هەندێک شمەکی دیکە دەچنرێ. (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی مێژووودا، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٦٨)

شـتی وەک مزگـەوت و قوتابخانـە و خـان و بـازاڕی هەیـە و قەزاکـە لـە (٤٧٣) گوند پێکهـاتووە، جگـە لـە خـەڵکی نیشـتەجێ، تێگـەڕانی عەشـیرەتی (جاف)یشـە. قایمقـامی قەزاکـە بـەزۆری دەدرێتـە سـەرکردەکانی ئـەم عەشـیرەتە. قەزاکـە شـاخاوییە و بەروبوومی دانەوێڵە و میوە و جۆرەکانی دیکەی هەیە. خەڵکی عەشیرەتەکە ئاژەڵێکی زۆر پێدەگەیەنن و لـە خـوریی و مـووی ئەمانـەش بـەڕە و عابـا و هەنـدێک شـمەکی دیکـە دەچنرێـت" (سامی، ٢٠٠٨: ل٢٦٨).

هەرچەنـــــدە شـــــارۆچکەی هەڵەبجـــــە بیناگـــــەلێکی[١] سەرنجڕاکێشی تێدایە، بەڵام لـە وەرزی هاویندا بـەهۆی گـەرم بوونی زۆر و وشکبوونی نزیکەی تـەواوی ئاوەکـەی، زۆربـەی خەڵکەکـــەی ناچـــارن بـــەرەو گونـــدەکانی دەوروبـــەر بـــڕۆن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩).

زەوییـەکانی قەزاکـە شـاخاوییـن و لـە هـەموو لایەکییـەوە چیـای سـەخت هەیـە. لەناوەوەشـدا چیـا و گـردی وەک (کونـە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لـەبارەی ئـەو کۆشک و بینایانـەی کـە محەمـەد پاشـای جاف و کوڕ و کوڕەزاکانی لە هەڵەبجەدا دروستیانکردووە بڕوانە: تەئریخی جـــاف، لێکۆڵینـــەوەی د.حەســـەن جـــاف، بەغـــدا، ١٩٩٥، ل١٨٥- ١٨٦ ؛ عەبدولڕەقیب یوسـف و عـادل صـدیق: بیرەوەرییـەکانی حـامی بـەگی جـاف، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١، ل٢٩-٣٠ ؛ عبدالرقیب یوسف: فن العمارة فی کردستان (قصر عثمان پاشا جاف فی حلبجة، القسم الأول، جریدة العراق، ١٩٨٠/٦/٢٨، القسم الثانی ١٩٨٠/٧/٣ ؛ میجرسـون (میـرزا غـلام حسـینی شیرازی): رحلة متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ج١، ط١، بغداد، ١٩٧٠، ل٢٨٠ ؛ حەســەن فـەهمی بـەگی جـاف: مێـژووی هـۆزی جـاف و مەحمود پاشای جاف، چاپخانەی دێکان، ١٩٩٩، ل٤٤-٤٥.

سوچەڕ، سەربۆرە، کلاوبزر، تاشلی و گلەزەردە) زنجیرەیان بەستووە. زۆربەی ئەمانەش خاکێکی سانایان هەیە و بۆ کشتوکاڵ گونجاون. جگە لەوە، دەشتی بەرینی شارەزووریش زەوییەکی ئاسان و بەپیتە و بەگشتی زەوییەکانی قەزاکە بۆ کشتوکاڵ کردن گونجاون. لە زۆربەی لایەکانی قەزاکەدا سەرچاوەی هەڵقوڵاو و ڕووبارگەلی وەک ڕووبارە مامناوەندییەکانی (تانجەڕۆ و زەڵم) و ڕووبارە بچوکەکانی (قالیچۆ، مەوان، مالوان و دەلێن) دەبینرێت، ئەمەش وایکردووە زەوییەکانی ناوچەکە، کە خۆیان توانای کشتوکاڵیی باشیان هەیە، زیاتر بەپیت و فەڕ تر بن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨).

ڕووباری تانجەڕۆ، کە ڕووبارێکی مامناوەندە، لە سەرچناری ڕۆژئاواوە دێت و بە ناوەڕاستی دەشتی شارەزووردا تێپەڕ دەبێت، دوای ئەوەی چەند جۆگەیەکی بچووک دەگرێتەخۆ و چەند کەناڵێکیش ئاودێر دەکات، لە ناوچەی (دوو ئاوان) لەگەڵ ڕووباری (زەڵم)[1] یەکدەگرێت و لە دەربەندیخان دەڕژێتە ڕووباری دیالەوە (سیروان). لەڕاستیدا ڕووبارەکە لەم ناوچەیەدا بە سیروان ناودەبرێت نەک دیالە. ڕوونتر بڵێین، ڕووباری سیروان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا هەر بە سیروان ناودەبرێت، دوای ئەوەی ڕووبارەکە

[1] گوندی زەڵم دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی خورماڵ، بەدووری چەند کیلۆمەترێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عطا محمد علاءالدین: م.س، ل٩٥)

دەچێتە سنووری پارێزگای دیالە (بعقوبە) بە ڕووباری دیالە دەناسرێت (علاءالدین، ٢٠٠٧: ل٩٣-٩٥).

هەرچی ڕووباری زەڵمە، لە گوندی زەڵمی (گوندەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی خورماڵی ئێستا بەدووری چەند کیلۆمەترێک ـ تـوێژەران) قەزاکەدا سەرچاوە دەگرێت و بە دەشتی شارەزووردا تێپەڕ دەبێت، زەڵم دوای لەخۆوەگرتنی چەند جۆگەیەک و ئاودێرکردنی چەند کەناڵێک، لە ناوچەی (دوو ئاوان) بە ڕووباری (تانجەرۆ) دەگات (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨ -٣٠٩).

باسی دووەم/ پێکهاتەی دانیشتوان

دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر بەگشتی بریتین لە هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان، لەپاڵیاندا تیرەیەکی بچووکی عەرەب بەناوی (شەمێران) و ژمارەیەکی کەمی جوولەکە لە گوندەکان هەن. دانیشتوی گوندەکان بەگشتی نیشتەجێن و بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن، بەڵام خەڵکی ناوەندی قەزا، کە زۆربەیان جافن[1]، لەگەڵ شەمێرانەییەکانیش، نیشتەجێ نین و بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، واتە گەرمیان و کوێستان دەکەن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩ -٣١٠).

ئەوەی مایەی تێڕامانە سالنامەکە شەمێرانەییەکانی وەک خەڵکێکی عەرەب ناساندووە، لەڕاستیدا ناوچەی شەمێران کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەی ئێستا و قەزای گوڵعەنبەری کۆنەوە، لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان هەڵکەوتووە، نزیکەی دوازدە گوند لەخۆدەگرێت، چەند گوندێکیشیان دوای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان، بوون بەژێر ئاوی دەریاچەکەوە، ناوچەکە تەواو کوردنشینە و نەبیستراوە لە کۆندا عەرەبی لێ بووبێت، ئەوەندە هەیە یەکێک لە گوندەکانی ناوچەکە ناوی (عارەوان) بووە و یەکێکیشە لە گوندە ژێرئاوکەوتووەکان. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەتەواوی

---

[1] نزیکەی تەواوی خەڵکی ئەم قەزایە، هەروەک ئەدمۆنز ئاماژەی بۆ کردووە (تاپۆی) بنەماڵەی حاکمەکان (بەگزادەکانی جاف) بووە، جافەکان بەلایەنی کەمەوە سێ لەسەر چواری ڕێژەی دانیشتوانی ئەم قەزایەیان پێکدەهێنا. (کورد تورک عەرەب، و.حامید گەوهەری، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٨٢)

جافن و پێشتر بە یەزدانبەخشی ناسرابوون، بەڵام لە ئێستادا ناوی ناوچەکە بووە بە ناسنامەیان و یەزدانبەخشییەکە کەمتر بەکاردێت، (عەلی، ٢٠١٤: ل١٦-٥٦) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف سەبارەت بە یەزدانبەخشییەکان دەڵێت:" طایفەیەکی گەورەن لەناو جافدا و، دەبن بە سێ کۆمەڵ: خاڵە، بەگزادە و مامەشەیی. بەشی خاڵە بە یەزدانبەخشی ناودەبرێن. بەگشتی ئەم سێ کۆمەڵە حەوتسەد ماڵ دەبن، ئەمانیش وەکو نەورۆڵی، هەتاوەکو سی ساڵ لەمەوبەر گەڕیاو بوون، ئێستە (١٩٣٣) لە شەمێران فەلاحەت و کشتوکاڵ ئەکەن.... کە کەوتووەتە باشووری قەزای ئەڵەبجەوە.... جێگایەکی زۆر باش و قایم و هەوا خۆشیان هەیە و شاخی زمناکۆیان بەدەستەوەیە، کە جێگەیەکی زۆر سەخت و گرنگە. ئەمان بەگشتی چوارسەد پیادە و سەد سواریان هەبووە، هەمیشە گەورەکانی جاف وەکو محەمەد پاشا و قادربەگ و سلێمان بەگ کۆڕانی کەیخەسرەو بەگ ئەم طایفەیان بۆ ئیسنادگای خۆیان لە سنووری ئێران و باباندا داناوە" (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥: ل١٣٩-١٤٠)، لەبەرئەوەی عوسمان پاشای سەرۆکی گشتی عەشیرەتی جاف وەک قایمقامی گولەعنبەر لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە، عەشیرەتەکە بەو قەزایەوە پەیوەستن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١) و زۆرینەیان تێیدا دەژین و سێ وەرزی ساڵ لە سنووری قەزاکەدا دێن و دەچن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل ٢٢٩). لەڕاستیدا هەر لەدوای ساڵی ١٨٦٩وە کە محەمەد پاشای جاف کرا بە قائیمقامی هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکانی جاف و

خەڵکانی تری سەر بەو عەشیرەتە لە هەڵەبجەدا گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون، واتە پەیوەستبوونی عەشیرەتی جاف بە هەڵەبجەوە بۆ سەردەمی محەمەد پاشا دەگەڕێتەوە نەک عوسمان پاشای کوڕی.

جافەکان کە گەورەترین عەشیرەتن لە سنووری سەنجەقی سلێمانی (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل ٢٢٤)، لە دەشتی شارەزوورەوە تا قەزای سەڵاحیە (کفری)ی سەر بە کەرکوک بڵاوبوونەتەوە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل ٣٠٩) و لە چەندین لق پێکدێن، کە دیارترینیان:" میکائیلیی، شاتریی، ڕۆغزادیی، گەڵاڵی، هارونی، نەورۆڵی، سەدانی، یەزدانبەخشی، عەمەڵە و پشتماڵە" (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١). هەر تیرەیەک لەو تیرانە سەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە کە نازناوی (کوخە/ کوێخا)یان هەیە و لە پیاوماقوڵانی عەشیرەتەکەن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩). سەرۆکی گشتیی عەشیرەتەکەش عوسمان بەگی محەمەد پاشازادەیە کە لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە، هەروەک براکانیشی سلێمان بەگ و محەمەدعەلی بەگ لە پیاوماقوڵانن. (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل ٢٢٧ –٢٢٨)

سالنامەکە تەنها ناوی ئەو دوو برای عوسمان پاشای هێناوە، لەڕاستیدا محەمەد پاشا حەوت کوڕی هەبووە، ئەوانیش بریتی بوون لە: مەحمود پاشا، عوسمان پاشا، محەمەدعەلی بەگ، سلێمان بەگ، حەسەن بەگ، قادر بەگ و فەتاح بەگ. مەحمود پاشا دیارترینیانە و لە هەموویان

گەورەتر بووە و دوای هەموشیان کۆچی دوایی کردووە. (فەهمی جاف، ١٩٩٩: ل٥٢).

جافەکان بەگشتی لەسەر مەزهەبی شافیعین و بە زمانی کوردی دەدوێن. یەک لە سەدو پەنجا کەسیان خوێندەوارن و یەک لە هەزاریشیان دەزانن بە فارسی بنووسن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣٢). هەندێکیان بە جۆرێک نەزانن کە ناتوانن چاکە و خراپە لێکجیا بکەنەوە، ئارەزووی ئەوەیان هەیە مال و سامانی یەکتری تالآن بکەن، ئازاترین و چەکدارترین تیرەشیان ڕۆغزادییە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨). جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم سرووشتی شەڕانگێزیی و بڕندەییەی کوردەکان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە و زۆرینەی عەشیرەتە کۆچەرییە کوردەکان بەهەمان خەسڵەت وەسف کراون. جافەکانیش وەک هاوبەشێکی ئەم خەسڵەتە کوردەوارییە، زۆرجار لەسەر شتی بچووکیش بووبێت شەڕ و کوشتاری گەورەیان ناوەتەوە. بۆ نمونە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٣ جمادی الاول ١٢٧٢ / ٣١ کانونی دووەمی ١٨٥٦) ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوو تیرەی ڕۆغزادیی و شاتریی جاف لەسەر شووتییەک دوژمنایەتییان نوێ بووەتەوە و چەند کەسێک لە نێوانیاندا کوژراوە و بریندار بووە (A_}MKT_UM_00249_00038_001_001).

بەپێی سالنامەی (١٣١٠ک/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، ژمارەی ماڵەکانی هەر یەکێک لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف بەم شێوەی خوارەوەیە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٧):

ناوی تیرە	ژمارەی ماڵ
میکـــائیلیی (تـــاقمی ڕەش و بۆریش لەگەڵ ئەمانەن)	١,٤٠٠
پشتماڵە	١,٣٠٠
شاتریی	١,١٠٠
یەزدانبەخشیی	٧٠٠
ڕۆغزادیی	٥٠٠
گەڵاڵیی	٥٠٠
عەمەڵە	٤٠٠
سەدانی	٤٠٠
نەورۆڵی	٣٠٠
هاروونی	٢٥٠
سەرجەم	**٦٨٥٠ ماڵ**

هـەر بـەپێی هـەمان سـەرچاوە، جگـە لـەو ماڵانـەی لـە خشتەکەی سـەرەوەدا تۆمـارکراون، ١٢٠٠ مـاڵی دیکەی جـاف تۆمارنەکراون، کە ماوەیەکی زۆرە وازیان لە ژیانی کۆچـەریی هێناوە و لە ڕێگای کشتوکاڵەوە دەژین و لـە گوندەکانی کـەنار ڕووبارەکانی زڕباتییە و دیالە نیشتەجێن (سـاڵنامەی ویلایـەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٦). بەمەش کۆی گشتی ماڵەکانی عەشیرەتی جـاف دەبێتـە (٨٠٥٠) مـاڵ. ئـەم ژمارەیـەش، بەنزیکـەیی لـە چەندین بەڵگەنامەی عوسمانی پشتڕاست کراوەتەوە، بۆ نمونـە بەڵگەنامەیەک کە دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی (١٢٧٩ک/١٨٦٢ز) بـاس

لەوە دەکات کە ژمارەی مالّەکانی عەشیرەتی جاف لە نێوان (٨-١٠) هەزار دەبێت (I_DH_00499_033949_003_001).

بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە لە سەردەمی عوسمانیدا داتایەکی ورد و تەواو بۆ ژمارەی دانیشتوان نەبووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو داتایانەی دانیشتوان کە هەن زۆرینەیان بریتین لە ژمارەی مالّ و سەرۆک خێزانەکان یان ڕەگەزی نێر بەتەنها، ناچارین وەک ڕێگاچارەیەکی ئەکادیمی بۆ دۆزینەوەی ژمارەی گشتیی خەملّێنراوی دانیشتوان پەنا ببەینە بەر سیستەمی قاتەژمارە، کە بریتییە لە چەند قات کردنەوەی ژمارەی تۆمارکراو لە سەرچاوەکاندا. تۆێژەرانی ئەو بوارەش ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە لە نێوان قاتەژمارەی (٣,٥ تا ٨). ڕەنگە باشترینیان قاتەژمارەی مێژوونووسی تورکیا (پرۆفیسۆر عومەر لوتفی بارکان) بێت کە قاتەژمارەی پێنجی هەلّبژاردووە (Abdulrazaq , 2021: s. 87-88) بەپشتبەستن بەوە (٨٠٥٠) مالّەکەی جاف جارانی پێنج دەکەین، واتە گریمانەی ئەوە دەکەین کە هەر مالّێک لە پێنج کەس پێکهاتبێت، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی خەملّێنراوی ئەندامانی عەشیرەتی جاف بریتیە لە (٤٠٢٥٠) کەس دانیشتوانی سەرەکی قەزای گولّەنبەر بوون.

بەگوێرەی سالّنامەی (١٣٣٠ک/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، ژمارەی ئەو کەسانەی لە قەزای گولّەنبەر لە پەڕاوی تۆمار تۆمارکراون (٧,٧٨٢ مسولّمان/نێر ، ١٢٩ جوولەکە/نێر)ن، واتە کۆی گشتی تۆمارکراوان (٧,٩١١ نێر)ە (Cengiz Eroğlu vd. Kasım 2012, s. 43.). ئەگەر هەمان قاتەژمارەی

سەرەوە وەربگرین، دەبینین ژمارەی دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر (٣٩,٥٥٥) کەس دەردەچێت. ئەم ژمارەیەش تەنها خەملاندنی ئەوانەیە تۆمارکراون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەردوو ساڵنامەی (١٣٠٨ک/١٨٩١ز) و (١٣١٠ک/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ لەکاتی خستنەڕووی ژمارەی دانیشتوانی شاری موسڵ ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، کە ژمارەی ئەوانەی نیشتەجێ نین و تۆمارنەکراون زۆر زیاترە لەوانەی تۆمارکراون (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٠٨، ل ٩٦؛ ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل١٣٧)، دەتوانین بڵێین بۆ خەملاندنێکی گشتگیر پێویستە ئەو ژمارەیە (٣٩,٥٥٥) دوو هێندە بکرێتەوە، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لەوە زیاترە.

قەزای گوڵعەنبەر جگە لە ناوەندی قەزا، دوو ناحیەشی بەسەرەوەیە کە بریتین لە قزڵجە و سرۆچک[1]. شارۆچکەی پێنجوێن ناوەندی کارگێڕیی ناحیەی قزڵجەیە و (٤٠٠) ماڵی تێدایە. شارۆچکەکە باخ و باخچە، بازارێکی نایاب، حەمامێک، دوو چایخانە، دوو خان، پێنج شەش مزگەوت و نوێژگە لەخۆدەگرێت. هەرچی ناحیەی سرۆچکە، هەرچەندە لە ئاست قزڵجەش نەبێت، بەڵام (بەپێی ساڵنامەی ١٣٢٥ک/١٩٠٧ز

[1] هەتا ساڵی ١٩١٩ گوندی گێڵدەرە ناوەندی ناحیەی سرۆچک بووە، دوای ڕووخانی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود، ئەوڕەحمان ئاغای بۆ ڕەزابەگ کرا بە بەڕێوەبەری ناحیەکە و ناوەندی ناحیەکەش لە گێڵدەرەوە گوازرایەوە بۆ بەرزنجە. (محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروو کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل١٤١)

ویلایەتی موسڵ) (٣٠ -٤٠) گوندی هەیە و خەڵکەکەی بە جووتیاریی و کشتوکاڵەوە سەرقاڵن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٣٠). بەپشت بەستن بە سالنامەی (١٣٣٠ک/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ ژمارەی گوندەکانی ناوەندی قەزای گوڵەنبەر و دوو ناحیەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠):

یەکەی کارگێڕیی	ژمارەی گوند
ناوەندی گوڵەنبەر	١١٣
ناحیەی قزڵجە	٩٠
ناحیەی سرۆچک	١٠٦
سەرجەم: ٢ ناحیە ، ٣٠٩ گوند	

لەکاتێکدا سەرجەم سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ و سالنامەی (١٢٩٢ک/١٨٧٥ز)ی ویلایەتی بەغدا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە قەزای گوڵەنبەر تەنها هەردوو ناحیەی قزڵجە و سرۆچکی بەسەرەوەیە، وەک بابەتێکی جێ تێڕامان، ئەو سالنامە ناوەندییانەی لە ئیستەنبوڵەوە دەرچوون (سالنامەی دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی) خشتەیەکی دیکەیان بۆ قەزاکە خستووەتەڕوو، بەگوێرەی ئەوە (قەرەداغ) بە ١٧٣ گوند و شێخ ئیسماعیل تائیفەسی بە (١) گوندەوە بە دوو ناحیەی سەر بە قەزای گوڵەنبەر هەژمارکراون (سالنامە دولت علیە عثمانیە ١٣٠٨: ل٤٦٩؛ ١٣٠٩: ل ٤٩٥؛ ١٣٠٦: ل٤٥٨).

ساڵنامەکان ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ناوەندی ناحیەی‌تاقمی شێخ ئیسماعیل (شیخ اسماعیل تائیفەسی) کۆێ بووە و لە ئێستاشدا ناحیەیەک بەو ناوەوە بوونی نیە، ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە شێخ ئیسماعیلییەکان یەکێک بوون لە تایفە گەورەکانی عەشیرەتی جاف، بەشە گەورەکەیان لە ئێران بووە و بەشە بچووکەکەشیان لە باشووری کوردستانی ئەمڕۆدا نیشتەجێ ببوون، ئەوانەی باشووریش دابەش ببوون بۆ شێخ ئیسماعیلی سوورەجۆ و شێخ ئیسماعیلی بنەجووت، بەشی بنەجووتیان لە سنووری قەزا گوڵعەنبەر لە ژمارەیەک گوندی وەک (گرێزە، بنگرد، سەراو، شانەدەر، قاڵیچۆ، مووان، بنەجووت و باڵانتەران) نیشتەجێ ببوون. (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥: ل١٤٠-١٤١)

بەشی دووەم

بارودۆخی ئابووریی و کارگێڕی قەزای گوڵعەنبەر

باسی یەکەم/ ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ (ئابووری)

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەشێکی کەمی عەشیرەتی جاف، کە پێکهێنەری سەرەکی دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر بوون، نیشتەجێ بوون، ئەوەی تر کە زۆرینەی عەشیرەتەکەیان پێکهێناوە، بە بەخێوکردنی مەڕومااڵت و ژیانی کۆچەرییەوە سەرقاڵ بوون (سااڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٣٠). بۆ دابینکردنی پژێوی خۆیان لە زستاندا، کەمێک کشتوکاڵیان لە گوندەکانیش کردووە (سااڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩). بەهەمان شێوە تیرەی شەمێرانەیی (یەزدانبەخشی)یەکانیش ڕەشماڵنشین بوون و لە کەنار ڕووباری دیاله[1] خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون، بەتایبەتیی گامێش (سااڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠).

بەپێی زانیاریی سااڵنامەکان، جافە کۆچەرییەکان لە وەرزی زستاندا لە ناوچەکانی (شێروان، سورخەلیل و کوڵەجۆ) ڕەشماڵیان هەڵداوە. لە وەرزی بەهاریشدا دەستیان بە جوڵە کردووە و لە دەشتی پان و بەرینی شارەزوور ماونەتەوە.

---

[1] لێرەشدا دیسان بە دیالە ناوی هێناوە، پیشتر ڕوونمانکردەوە کە ڕووبارەکە هەتا سنووری سلێمانی ئەمڕۆ و لیوای سلێمانی کۆن تێدەپەڕێت هەر بە سیروان ناسراوە، کە دەگاتە سنووری پارێزگای دیالە (بەعقوبە) ئەنجا بە ڕووباری دیلە ناو دەبرێت. (تۆێژەران)

پـێش هـاتنی وەرزی هـاوینیش چوونەتـە لـەوەڕگاکانیان لـە ناوچەی (قیزانیە و مـەریوان) لـە سـنووری عوسـمانیدا، تـاوەکو مـاوەی سـێ مانـگ لـەوێ ماونەتـەوە و پاشـان گەڕاونەتـەوە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣٢؛ سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨).

سـالنامەکە (قیزانییـە و مـەریوانی)[1] بـە هەڵـە وەک دوو ناوچـەی سـنووری قەڵـەمڕەوی عوسـمانی دیـاریکردووە، لەڕاستیدا ئەو دوو ناوچەیە کەوتبوونە ناو سنووری دەوڵەتی ئێرانەوە. سەبارەت بە شوێنی کۆچ و باری عەشیرەتی جاف محەمـەد سـەعید جـاف دەڵێـت:" هـەموو دەشـتی شـارەزوور مـوڵکی میرەکـانی (بـەگزادەکانی) جـاف بـووە، جـاف هـەر لـە دەشتی (کۆکزی) سەر بە (قەرەتەپە) تا نزیکی شاری (بیجار) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر زەوی و موڵکێک کە لە ڕێگەی کـۆچ و ڕەویانـدا بـووە، میرەکـانی جـاف بـە نرخێـک لـە خاوەنـەکانیان دەکڕی، ئەوەشیان بۆ ئەوە دەکرد، کە هـۆزی

[1] ئـەم دوو ناوچەیـە کەوتوونەتـە نـاو سـنووری دەوڵـەتی ئێرانـەوە نـەک عوسمانی، سـەبارەت بـە شـوێنی کـۆچ و بـاری عەشـیرەتی جـاف محەمـەد سـەعید جـاف دەڵێـت: هـەموو دەشـتی شـارەزوور مـوڵکی میرەکـانی (بـەگزادەکانی) جـاف بـووە ، جـاف هـەر لـە دەشـتی (کـۆکزی) سـەر بـە (قەرەتەپە) تا نزیکی شاری (بیجار) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هـەر زەوی و موڵکێک کە لە ڕێگەی کۆچ و ڕەویاندا بووە، میرەکانی جاف بە نرخێک لە خاوەنەکانیان دەکڕی، ئەوەشیان بۆ ئەوە دەکرد، کە هـۆزی جاف لەسـەر (لەوەڕ و پاوان) لەگەڵ خەڵکدا گرفتاری شەڕ و ئاژاوە نـەبن. (هەڵوێسـتێکی جوامێرانە، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ (٦٨)، ١٩٩٤، ل١٤-١٥)

جاف لەسەر لەوەڕ و پاوان لەگەڵ خەڵکدا گرفتاری شەڕ و ئاژاوە نەبن". (سەعید جاف، ١٩٩٤: ل١٤-١٥)

سالنامەی (١٣١٠ک/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، زانیاریی زۆر گرنگی بۆ پاراستووین دەربارەی سامانی ئاژەڵی بەشێک لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف، کە بەشێوەی خشتەیەک ژمارەی مەڕومالات و ئاژەڵەکانی سەرجەم تیرەکانی خستووەتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٧):

ناوی تیرە	سەر مەڕ و بزن	سەر گا، مانگا، گوێرەکە، گامێش، ئێستر، کەر
میکائیلیی (تاقمی ڕەش و بۆریش لەگەڵ ئەمانەن)	٧٢,٠٠٠	١٤,٠٠٠
شاتریی	٤٢,٠٠٠	١٠,٠٠٠
ڕۆغزادیی	٣٠,٠٠٠	٥,٠٠٠
گەڵاڵی	١٨,٠٠٠	٣,٧٠٠
هارووني	١٢,٠٠٠	٢,٢٠٠
نەورۆڵی	١٤,٠٠٠	٣,٠٠٠
سەدانی	١٨,٠٠٠	٥,٠٠٠
یەزدانبەخشی	٢٣,٠٠٠	٢,٧٠٠
عەمەڵە	٢٠,٠٠٠	٤,٠٠٠
پشتماڵە	٣٠,٠٠٠	٨,٠٠٠
سەرجەم	**٢٧٩,٠٠٠**	**٥٧,٦٠٠**

وەک لە خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، عەشیرەتی جاف خاوەنی (٢٧٩,٠٠٠) سەر مەڕ و بزن و (٥٧,٦٠٠) سەر مانگا و گوێرەکە و ئاژەڵی باربەر و هی تر بوون. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مەڕومالات وایکردووە سوودێکی زۆر لە بەروبوومەکانی ببینن و سالانە ژمارەیەکی یەکجار زۆری مەڕومالات و ئاژەڵی باربەر بفرۆشنە دەرەوە، هەربۆیە سەرچاوەکە دەڵێت:"بەگشتی تاکەکانی عەشیرەتەکە خۆشگوزەرانن و هەژار و نەدار لەنێویاندا دەگمەنە." (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩) ئەمە جگە لەوەی سوودێکی زۆر گەورەشیان بە دەوڵەت گەیاندووە لەڕێگەی ئەو باجە زۆرەی مەڕومالات کە پێویست بووە بیدەن. دوو بەڵگەنامەی عوسمانی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی (١٢٧٧ک/١٨٦١ز) ئەوە دەردەخەن کە باجی یەک ساڵی مەڕومالاتی عەشیرەتی جاف بریتی بووە لە سێ بار قوڕش (واتە ٣٠٠,٠٠٠ قوڕش)

(A_}MKT_UM___00481_00069_001_001;
A_}MKT_MHM__00226_00023_001_001.)

ئەم خێروبێرە زۆرەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیی بەردەوام لە هەوڵی پەلکێشکردن و تەماحدان بن بە سەرکردەکانی عەشیرەتەکە و ناکۆک بن لەسەر وابەستەیی ئەم عەشیرەتە.

دوای ئاژەڵداریی، بە پلەی دووەم کشتوکاڵ بەشێکی گرنگ بووە لە چالاکیی ئابووریی و هۆکارەکانی پژێوی خەڵکی قەزای گوڵعەنبەر. دانیشتووی گوندەکانی قەزاکە بەگشتی نیشتەجێ بوون و بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩ –٣١٠). لە نێوان تیرەکانی

عەشیرەتی جافدا تیرەی یەزدانبەخشی بە پێچەوانەی تیرەکانی دیکەوە کۆچەریی نەبوون، بەڵکو لە گوندەکانی کەنار ڕووباری دیالە (سیروان) لە سنووری قەزای گوڵعەنبەر نیشتەجێ و بە کشتوکاڵ کردنەوە سەرقاڵبوون و لەسایەی کشتیارییەکەشیاندا بە خۆشیی ژیاون. هاوکات مەڕ و بزنیشیان بەخێو کردووە و لەگەڵ ئاژەڵی تیرەکانی تری جاف بەرەو لەوەڕگایان ناردوون (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٥ -٢٢٦). جگە لەمان، ١٢٠٠ ماڵی دیکەی جاف لە ڕێگای کشتوکاڵەوە ژیاون و لە گوندەکانی کەنار ڕووباری زڕباتییە و دیالە نیشتەجێ بوون (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٦). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بگوترێت کە سەرباری بوونی سەرچاوەی ئاویی زۆر و بەپیتی خاکی قەزاکە بۆ کشتوکاڵ، کەچی زۆربەی گوندەکان بەشێوەیەکی سنووردار کشتوکاڵیان کردووە و بەروبوومەکان هەر لە ناوخۆی قەزاکەدا بەکاربراوە. بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیش بریتی بوون لە هەموو جۆرەکانی دانەوێڵە، پەموو و تووتن (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨).

هەردوو سێکتەری ئاژەڵداریی و کشتوکاڵی بەڕێژەیەکی باش خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی ناوچەکەیان دەستەبەر کردووە. بۆ نموونە خواردنی سەرەکی عەشیرەتی جاف بریتی بووە لە: نانی گەنم و جۆ و ساوەر، لە شیری ئاژەڵیش پەنیر و ماست و کەشک. جگە لە سەرۆکەکانیان، ئەو جل و بەرگەی پۆشیویانە لەو قوماشانە بوو کە لە ناوخۆی ناوچەی سلێمانی دروستکراوە، هەروەک خۆیان فەرەنجییان لە خوریی دروستکردووە (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨).

باسی دووەم/ بارودۆخی کارگێڕی قەزاکە

١ –سالْنامەکانی دەولّەتی عەلییەی عوسمانی (سالنامە دولت علیە عثمانیە؛ ١٣٠٦: ل٤٥٨؛ ١٣٠٧: ل٤٧٨؛ ١٣٠٨: ل٤٦٨–٤٦٩؛ ١٣٠٩: ل٤٩٤ –٤٩٥؛ ١٣١٠: ل٥٠٤ –٥٠٥؛ ١٣١١: ل٥٣٤ – ٥٣٥؛ ١٣١٢: ل٥٥٠ –٥٥١؛ ١٣١٣: ل٥٨٢–٥٨٣؛ ١٣١٤: ل٥٩٤ – ٥٩٥؛ ١٣١٥: ل٤١٤؛ ١٣١٦: ل٤٢٨؛ ١٣١٧: ل٤١٤؛ ١٣١٨: ل٤٦٠؛ ١٣١٩: ل٥٠٨؛ ١٣٢٠: ل٥٣١؛ ١٣٢١: ل٥٨١؛ ١٣٢٢: ل٥٩٣؛ ١٣٢٣: ل٦٦١؛ ١٣٢٤: ل٧٢٥؛ ١٣٢٥: ل٧٢١؛ ١٣٢٦: ل٧٢٩؛ ١٣٢٧: ل٧٩٤؛ ١٣٢٨: ل٨٠٧؛ ١٣٣٣: ل٧٠٢)

سالْنامەکانی دەولّەتی عەلییە یەکەمین و گشتگیرترین سالْنامەی عوسمانین، کە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیمات یەکەم ژمارەی لەسالّی ١٨٤٧ دەرچووە. ئەم سالْنامەیە بەوە جیادەکرێتەوە، زانیاریی دەربارەی سەرجەم ویلایەت و ناوچەکانی دەولّەتی عوسمانی لەخۆگرتووە و وەک سالْنامەی ویلایەتەکان تایبەت نییە بە یەک ناوچە. لەم چوارچێوەیەشدا گولّەنبەر وەک قەزایەکی سەر بە سەنجەقی سلێمانی تێیدا دەردەکەوێت. لە یەکەم ژمارەی ئەم سالْنامەیە (١٢٦٣ک/١٨٤٧ز) تاوەکو سالْنامەی (١٣٠٥ک/١٨٨٨)یش ناوی گولّەنبەر تەنها وەک قەزایەکی سەر بە سلێمانی هاتووە و هیچ وردەکارییەکی لەبارەوە باس نەکراوە، بەلّام لە سالْنامەی (١٣٠٦ک/١٨٨٩ز) بەدواوە لەپاڵ ناوەکەی وەک قەزایەک، هەندێ زانیارییش لەبارەیەوە خراوەتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

أ/ پۆستی قایمقام:

ساڵنامە	ناوی قایمقام	پلە
١٣٠٦ک/١٨٨٩ز ١٣٠٧ک/١٨٩٠ز ١٣٠٨ک/١٨٩١ز	بەتاڵ[1]	
١٣٠٩ک/١٨٩٢ز	عوسمان بەگ	
١٣١٠ک/١٨٩٢ز ١٣١١ک/١٨٩٣ز	عوسمان بەگ	بۆ پلەدوو بەرز کراوەتەوە
١٣١٢ک/١٨٩٤ز ١٣١٣ک/١٨٩٥ز ١٣١٤ک/١٨٩٦ز ١٣١٥ک/١٨٩٧ز	عوسمان پاشا	بۆ میری میران بەرزکراوەتەوە

[1] مەحمود پاشای جاف کە کوڕە گەورەی محەمەد پاشای جاف بووە، لەدوای کوژرانی باوکی (١٢٩٩ک/١٨٨٠ز) دەکرێتە قایمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەفەرمانێک لە پۆستی قایمقامێتی قەزای گوڵعەنبەر دوورەخرێتەوە و پلەی میری میرانی پێ دەدرێ و دەکرێ بە موتەسەریفی شاری ئورفە، لەبری ئەو عوسمان پاشای برای دەکرێت بە قایمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بەڵام مەحمود پاشا ڕۆیشتن بۆ ئورفە ڕەتدەکاتەوە و پابەند نابێت بە بڕیارەکەوە، لەوە بەدوا بۆماوەی نزیکەی سێ ساڵ لە کێشە و ململانێدا دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و دوو ساڵیش لە ئەستەنبوڵ ئیقامە جەبری لەسەر دەسەپێنن، بەڵام دواتر بڕیاری لێبوردنی بۆ دەردەچێت و دەگەڕێتە و بۆ شارەزوور و ناو عەشیرەتەکەی. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە: کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س.پ، ل١٧٩-١٩٦ حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ، ل٤١-٥٦. سامان سەڵاح: هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری (خاڵ)، ژمارە (١٢)، ئابی ٢٠١٧، ل١١٣-١١٤.

١٣١٦ک/١٨٩٨ز ١٣١٧ک/١٨٩٩ز ١٣١٨ک/١٩٠٠ز ١٣١٩ک/١٩٠١ز ١٣٢٠ک/١٩٠٢ز ١٣٢١ک/١٩٠٣ز ١٣٢٢ک/١٩٠٤ز ١٣٢٣ک/١٩٠٥ز ١٣٢٤ک/١٩٠٦ز ١٣٢٥ک/١٩٠٧ز ١٣٢٦ک/١٩٠٨ز[1]		
١٣٢٧ڕۆمی/١٩١١ز ١٣٢٨ڕ/١٩١٢ز	مەجید ئەفەندی	میری میران
١٣٣٣ڕ/١٩١٨ز	ئەمین بەگ	

لێرەدا دوو بابەت جێگای سەرنج و هەڵوێستە لەسەرکردنە، یەکەمیان ئەو سێ سااڵەی کە سااڵنامەکە دیاریکردووە کە پۆستی قائیمقامی هەڵەبجە بەتاڵ بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە مەحمود پاشای جاف کە کوڕە گەورەی محەمەد پاشای جاف بووە، لەدوای کۆژرانی باوکی (١٢٩٩ک/١٨٨٠ز) دەکرێتە قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بەاڵم بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە

[1] عوسمان پاشای جاف هەتا مردنی لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ قایمقامی قەزاکە بووە، لە دوای ئەویش هەتا ساڵی ١٩١٨ کە دەسەاڵتی تورکەکان لە ناوچەکە کۆتایی پێدێت ژمارەیەک قایمقامی تر بۆ قەزاکە دانراون. بۆ وردەکاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە: سامان سەاڵح: س.پ، ل١١٤-١١٦.

لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەفەرمانێکی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٨٨/١١/٢٢) لە پۆستی قائیمقامێتی قەزای گوڵەنبەر دوورەدەخرێتەوە و پلەی میری میرانی پێ دەدرێت و دەکرێت بە موتەسەڕیفی شاری ئورفە، لەبری ئەو عوسمان پاشای برای دەکرێت بە قائیمقامی قەزای گوڵەنبەر، بەڵام مەحمود پاشا ڕۆیشتن بۆ ئورفە ڕەتدەکاتەوە و پابەند نابێت بە بڕیارەکەوە، لەوە بەدوا بۆماوەی نزیکەی سێ ساڵ لە کێشە و ململانێدا دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و دوو سااڵیش لە ئیستەنبوڵ ئیقامە جەبری لەسەر دەسەپێنن، بەڵام دواتر بڕیاری لێبوردنی بۆ دەردەچێت و دەگەڕێتە و بۆ شارەزوور و ناو عەشیرەتەکەی. (جاف، ١٩٩٥: ل١٧٩-١٩٦؛ جاف، ١٩٩٩: ل٤١-٥٦؛ سەڵاح، ٢٠١٧: ل١١٣-١١٤)

ئەوی دیکەشیان ئەوەیە، سااڵنامەکە ساڵی ١٩٠٨ وەکو کۆتا ساڵی قائیمقامی عوسمان پاشا دیاریکردووە، ڕاستییەکەی عوسمان پاشا هەتا مردنی (تشرینی یەکەمی ١٩٠٩) قائیمقامی قەزاکە بووە، دوای خۆشی مەجیدبەگی کوڕە گەورەی چەند مانگێک قائیمقامی شارەکە بووە، لە دوای مردنی مەجیدبەگ هەتا ساڵی ١٩١٨ کە دەسەاڵتی تورکەکان لە ناوچەکە کۆتایی پێدێت ژمارەیەک قائیمقامی دیکە بۆ قەزاکە دانراون. (سەڵاح، ٢٠١٧: ل١١٤-١١٦)

ب/ پۆستی نوێنەر، کە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزا و سەرۆکی دادگای بەرایی قەزا بووە:

ساڵنامە	ناوی نوێنەر
١٣٠٦ک/١٨٨٩ ١٣٠٧ک/١٨٩٠ز	ئەحمەد نامی ئەفەندی
١٣٠٨ک/١٨٩١ز ١٣٠٩ک/١٨٩٢ز ١٣١٠ک/١٨٩٢ز ١٣١١ک/١٨٩٣ز	مستەفا ئەفەندی
١٣١٢ک/١٨٩٤ز ١٣١٣ک/١٨٩٥ز ١٣١٤ک/١٨٩٦ز	ئەحمەد سائیب ئەفەندی
١٣١٥ک/١٨٩٧ز ١٣١٦ک/١٨٩٨ز ١٣١٧ک/١٨٩٩ز	ئەحمەد ئەفەندی
١٣١٨ک/١٩٠٠ز ١٣١٩ک/١٩٠١ز ١٣٢٠ک/١٩٠٢ز	حاجی مەولود ئەفەندی
١٣٢١ک/١٩٠٣ز ١٣٢٢ک/١٩٠٤ز ١٣٢٣ک/١٩٠٥ز	ئیسماعیل ئەفەندی
١٣٢٤ک/١٩٠٦ز ١٣٢٥ک/١٩٠٧ز	ئەحمەد سائیب ئەفەندی
١٣٢٦ک/١٩٠٨ز	ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی
١٣٢٧ڕۆمی/١٩١١ز	ئەحمەد ئەفەندی
١٣٢٨ڕ/١٩١٢ز	عەبدولفەتاح ئەفەندی
١٣٣٣ڕ/١٩١٨ز	دادوەر و سەرۆکی دادگای بەرایی مستەفا ڕەشید ئەفەندی

ج/ ناحیه و گونده‌کانی سه‌ر به قه‌زای گوڵعه‌نبه‌ر:

دیـــاره ســـه‌ره‌تای دروســـتبوونی قـــه‌زای گوڵعه‌نبـــه‌ر، وه‌ک قه‌زایه‌کی پله نزم له سیستمی کارگێڕیی ده‌وڵه‌تدا له ڕیزی چینی سێیه‌مدا بـووه، هـه‌روه‌ک لـه سـاڵی ١٣١٤ک/١٨٩٦ز وه پله‌کـه‌ی به‌رزده‌کرێته‌وه بۆ چینی دووه‌م. له ساڵی ١٣٢٧ڕ/١٩١١ز ه‌وه بۆ چینی یه‌که‌م به‌رزکراوه‌ته‌وه. له سه‌رجه‌م ساڵنامه‌کانی پێشووتردا لـه‌جیاتی نـاوی هه‌ڵه‌بجـه، نـاوی گوڵعه‌نبـه‌ر وه‌ک ناوه‌ندی قه‌زاکه هاتووه که هه‌ر مه‌به‌ست لێی شارۆچکه‌ی هه‌ڵه‌بجه‌یه، به‌ڵام لـه‌م ســـاڵنامه‌یه بـــه‌دواوه نـــاوی (ئه‌ڵه‌بجـــه) وه‌ک ناوه‌نـــدی قـــه‌زای گوڵعه‌نبـه‌ر نووسـراوه. هـه‌ر لـه هـه‌مان سـاڵدا ناحیـه‌ی قزڵجـه بـۆ چینـــی دووه‌م و ناحیـــه‌ی ســـرۆچک بـــۆ چینـــی ســـێیه‌م به‌رزکراونه‌تـــه‌وه. وه‌ک پێشـــتر ئامـــاژه‌ی پێـــدرا، ســـاڵنامه‌کانی ده‌وڵه‌تی عه‌لییه، جیاواز له ساڵنامه‌کانی ویلایه‌تی موسڵ و به‌غدا، (قـــه‌ره‌داغ)یان بـــه ناحیه‌یـــه‌کی ســـه‌ر بـــه قـــه‌زای گوڵعه‌نبـــه‌ر تۆمارکردووه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

یه‌که‌ی کارگێڕیی	ژماره‌ی گوند
ناوه‌ندی گوڵعه‌نبه‌ر	١٠٣
ناحیه‌ی سرۆچک	٩٠
تاقمی شێخ ئیسماعیل	١
ناحیه‌ی قزڵجه	١٠٦
ناحیه‌ی قه‌ره‌داغ	١٧٣
سه‌رجه‌م: ٣ ناحیه ، ٤٧٣ گوند	

جگـــه لـــه هـــەردوو ســـاڵنامەی (١٣٢٧ڕۆمـــی/١٩١١ز) و (١٣٢٨ڕۆمـی/١٩١٢ز) نەبێـت، کـه نـاوی ناحیـەی قـەرەداغ و گوندەکـەی تـاقمی شـێخ ئیسـماعیلیان لاداوە و گونـدەکانیان خستووەتە سەر شارۆچکەی ئەڵەبجە، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەی کارگێڕیی	ژمارەی گوند
ناوەندی قەزا، ئەڵەبجە	٢٧٦
ناحیەی سروۆچک	٩٠
ناحیەی قزڵجە	١٠٦
سەرجەم: ٢ ناحیە ، ٤٧٢ گوند	

٢ – ساڵنامەی (١٢٩٢ک/١٨٧٥ز)ی ویلایەتی بەغدا (بڕوانە: ساڵنامەی ویلایەتی بەغدا ١٢٩٢، ل١٠٠):

قائیمقام	محەمەد ساڵح بەگ
نوێنەر	عبدالسلام ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	سەعید ئەفەندی
بەڕێوەبەری نووسراوەکان	محەمەد ئەفەندی
ئەنجومەنی کارگێڕیی	سەرۆک (قایمقام)
ئەندامانی ئاسایی	نوێنـــەر، بەڕێوەبـــەری دارایـــی، نووسەری نووسراوەکان
ئەندامانی هەڵبژێردراو	عـەلی بـەگ، سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی، شـێخ عەبـدولڕەحمان ئەفەنـدی، شـێخ حەسـەن ئەفەندی

ئەنجومەنی سکالا (دادگا):	سەرۆک (نوێنەر)
پێداهەڵچوونەوە	شێخ محەمەد ئەفەندی، عەبدوڵڵا بەگ، شێخ محەمەد ئەفەندی
نووسەر	فەتاح ئەفەندی
ئەمینی سندوقی قەزا	مەعروف ئەفەندی
فەرمانبەرانی تر	فەرمانبەری باجەکانی گوڵەنبەر (حوسێن ئاغا) ، فەرمانبەری باجەکانی پێنجوێن (ڕەزا ئەفەندی).
بەڕێوەبەری ناحیەکان	ناحیەی قزڵجە/ ناحیەی سرۆچک

٣- سالنامەی (١٣٠٨ک/١٨٩١ز)ی ویلایەتی موسڵ (سالنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٠٨، ل١٥٢ -١٥٣):

قائیمقام	عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی
نوێنەر	ئەحمەد نامی ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	عەبدوڵڵا صدقی بەگ
نووسەری نووسراوەکان	سەلیم ئەفەندی
ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی	ئەندامان: سەید ئەحمەد ئەفەندی، سالح ئاغا، سالح ئاغایەکی تر، بەتاڵ
دادگای بەرایی	سەرۆک (ئەحمەد نامی ئەفەندی) ، ئەندامان (ئەمین بەگ، شێخ سەعید ئەفەندی)، یاردەدەری لێپێچەرەوە (ئەحمەد بەگ)، نووسەری

	یەکەم (دەرویش ئەفەندی)، نووسەری دووەم (سلێمان بەگ)
فەرمانبەرانی تر	فەرمانبەری ئاسایش (مولازمی دووەم ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری نفوس (خاڵس ئەفەندی) / نووسەری نفوس (ئەحمەد ئەفەندی).
ناحیەکانی سەر بە قەزای گولّەنبەر	سەرۆچک: بەڕێوەبەر (ئەحمەد ئەفەندی) / نووسەر (عەلی ئەفەندی). قزلّجە: بەڕێوەبەر (یوسف ئەفەندی) / نووسەر (فەرەج ئەفەندی).

٤ – سالّنامەی (١٣١٠ک/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ (سالّنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢١٥ –٢١٦):

قائیمقام	عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی
نوێنەر	مستەفا ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	عەبدوللّا سدقی ئەفەندی
نووسەری نووسراوەکان	سەعید ئەفەندی
ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی قەزا	ئەندامانی ئاسایی (نوێنەر، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان) / ئەندامانی هەلّبژێردراو (سەید ئەحمەد

	ئەفەندی، سالّح ئاغا، سالّح ئاغایەکی تر، بەتالّ).
دادگای بەرایی	سەرۆک (مستەفا ئەفەندی) / سەرنووسەر (دەرویّش ئەفەندی) / ئەندام (شێخ سەعید ئەفەندی، شێخ محەمەد ئەفەندی) / لێپێچەرەوە (سلێمان بەگ) / نووسەری دووەم (ڕەشید ئەفەندی).
فەرمانبەرانی تر	فەرمانبەری ئاسایش (ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری نفوس (خالّس ئەفەندی) / نووسەری نفوس (عەبدولڕەحمان بەگ) / نووسەری تاپۆ (ڕۆستەم سڕڕی ئەفەندی).
ناحیەکانی سەر بە قەزای گولّعەنبەر	قزلّجە: بەڕێوەبەر (عەبدولکەریم ئاغا) / نووسەر (فەرەج ئەفەندی). سرۆچک: بەڕێوەبەر (ئەحمەد ئاغا) / نووسەر (محەمەد ئەفەندی).

٥ – سالّنامەی (١٣١٢ک/١٨٩٤ز)ی ویلایەتی موسڵ (بڕوانە: سالّنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل١٨٤– ١٨٥):

قائیمقام	عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی
نوێنەر	ئەحمەد سائیب ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	مستەفا بەگ
نووسەری	سەعید ئەفەندی

نووسراوەکان	
ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی قەزا	سەرۆکی ئەنجومەن (قائیمقام) / ئەندامانی ئاسایی (نوێنەر، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان) / ئەندامانی هەڵبژێردراو (سەید ئەحمەد ئەفەندی، سالّح ئاغا، سالّح، بەتاڵ).
دادگای بەرایی	سەرۆک (نوێنەر) / سەرنووسەر (محەمەد نوری ئەفەندی) / لێپێچەرەوە (سلێمان بەگ) / ئەندامان (ئەمین ئەفەندی، شێخ مەحمود ئەفەندی) / نووسەری دووەم (عەبدولکەریم ئەفەندی).
فەرمانبەرانی تر	فەرمانبەری نفوس (خالّس ئەفەندی) / نووسەری نفوس (عەبدولڕەحمان بەگ) / نووسەری تاپۆ (ڕۆستەم ئەفەندی) / ئەمینداری سندوق (عەبدولکەریم ئەفەندی) / فەرمانبەری ئاسایش (ئەحمەد ئەفەندی).
ناحیەکانی سەر بە قەزای گولّەنبەر	قزلّجە: بەڕێوەبەر (کەریم ئاغا) / نووسەر (عارف ئەفەندی) / فەرمانبەری رسوماتی پێنجوێن (ئیسماعیل حەقی ئەفەندی). سرۆچک: بەڕێوەبەر (ئەحمەد ئاغا) / نووسەر (سەعید ئەفەندی).

٦ – لـه سـاڵنامەی (١٣٢٥ک/١٩٠٧ز)ی ویلایـەتی موسـڵ (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل ٢٢٩):

قائیمقام	عوسـمان پاشـا، میـری میـران، ٣ نیشـانەی عوسـمانی و ٣ مەجیـدی، مەدالیەی زیویی شانازیی)
نوێنەر	ئەحمەد سائیب ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	محەمەد شەریف ئەفەندی
نووسەری نووسراوەکان	محەمەد سەعید ئەفەندی
فەرمانگەی نفوس	فەرمانبەر (خاڵس ئەفەندی) / نووسـەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی).
دادگای بەرایی	سەرنووسـەر (سـلێمان بـەگ) / یاریـدەدەری لێپێچـەرەوە (ڕەشـید ئەفەنـدی) / نووسـەری دووەم (عەبدولکەریم ئەفەندی)
فەرمانبەرانی تر	بەڕێوەبەری تەلەگراف (ئەمین ئەفەندی) / نووسەری تاپۆ (سلێمان بەگ)
ناحیـەکانی سـەر بـە قەزای گوڵعەنبەر	قزڵجە: بەڕێوەبـەر (سـەدیق ئەفەنـدی) / نووسەر (محەمەد عەلی ئەفەندی). سـرۆچک: بەڕێوەبـەر (بـەتاڵ) / نووسەر (سەعید ئەفەندی).

٧ - ساڵنامەی (١٣٣٠ک/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٦ -٣٠٧):

قائیمقام	عەبدولمەجید ئەفەندی
نوێنەر	ئەحمەد ئەفەندی
بەڕێوەبەری دارایی	عەبدولصەمەد ئەفەندی
موفتی	-
نووسەری نووسراوەکان	محەمەد سەعید ئەفەندی
ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر	سەرۆکی ئەنجومەن (قائیمقام) / ئەندامانی ئاسایی (نوێنەر، موفتی، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان).
دادگاکانی قەزاکە	١-دادگای شەرعی: سەرۆک (نوێنەر ئەحمەد ئەفەندی) / سەرنووسەر (سەید هادی ئەفەندی) / نووسەری دووەم (شێخ محێدین ئەفەندی). ٢-دادگای بەرایی: سەرۆک (نوێنەر ئەحمەد ئەفەندی) / ئەندامان (مەحمود ئەفەندی، محەمەدئەمین ئەفەندی) / سەرنووسەر (سلێمان ئەفەندی) / یاریدەدەری لێپێچەرەوە (دەرویش ئەفەندی).

خامەی دارایی	بەڕێوەبەری دارایی (عەبدولصەمەد ئەفەندی، پلەسێ) / ئەمینداری سندوق (ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری باجگر.
خامەی نفوس	فەرمانبەر (محەمەد خالّس ئەفەندی) / نووسەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی).
فەرمانبەرانی تر	بەڕێوەبەری تەلەگراف / نووسەری تاپۆ (سلێمان زەوقی ئەفەندی).
ناحیەکانی سەر بە قەزای گولّەنبەر	قزلّجە: بەڕێوەبەر (حەسەن ئەفەندی) / نووسەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی). سرۆچک: بەڕێوەبەر (ئەحمەدبەگ) / نووسەر (سەعید ئەفەندی).

ئەنجام

١. هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای گوڵعەنبەر کە هاوسنووری ئێران بووە لە لایەک و، لە لایەکی تریەوە گیرسانەوە و نیشتەجێبوونی بەشێکی عەشیرەتی جاف لە سنووری ئەو قەزایەدا، وایکردبوو کە دەوڵەتی عوسمانی گرنگی زۆر بە قەزاکە بدات، ئەوەش لە سالنامەکاندا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە.

٢. بەشێکی کەمی عەشیرەتەکە لە ناو سەنتەری قەزاکە و گوندەکانی دەوروبەریدا نیشتەجێ ببوون و سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن بوون، ئەوانی دیکەیان بەدوای لەوەڕگادا سالانە بەپێی وەرزەکان لە نێوان قزرابات و کوڵەجۆ و کوێستانەکانی مەریوان و سنەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، دەوڵەتی عوسمانی بۆ بابەتی باج سالانە ئاماری وردی سامانی ئاژەڵی تیرە و تائیفەکانی عەشیرەتی جافی وەرگرتووە، لەو ڕێگەیەوە سالانە باجێکی زۆری دەستکەوتووە.

٣. گەورەیی عەشیرەتەکە و سنوور بەزاندنەکانی و ئەو باجە زۆرەی کە سالانە ئەم عەشیرەتە دەیاندا، وایکردبوو کە هەمیشە دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێران هەوڵی ڕاکێشان و پەلکێشکردنیان بدەن بۆ ناو سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان.

٤. سەبارەت بە لایەنی کارگێڕی قەزاکە، سالنامەکان زانیاری کەمیان لەوبارەوە گواستووەتەوە، ئەوان تەنها

ئاماژەیان بەناوی کاربەدەست و لێپرسراوەکانی قەزاکە و ناحیەکان و ژمارەی گوندەکانیان کردووە، بەبێ چوونە ناو وردەکاری بابەتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەتوانین لەڕێگە ئەو کەمە زانیارییەوە ئاگاداری ژمارەی فەرمانگەکان و لێپرسراوە ئیدارییەکانیان و ئەو گۆڕانکارییانە ببن کە لە ساڵنامەیەک بۆ ساڵنامەیەکی تر لە پۆستەکاندا ڕوویانداوە.

یەکەم/ سالّنامە عوسمانییەکان (بە زمانی تورکی عوسمانی)

- سالنامە ویلایت موصل:

ـ ١٣٠٨هـ ، موصل ولایتی مطبعە سندە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٠هـ موصل ولایتی مطبعە سندە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٢هـ ، موصل ولایتی مطبعە سندە باصلمشدر.
ـ ١٣٢٥هـ ، مطبعە ویلایتدە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣٣٠هـ ، مطبعەسندە طبع اولمنمشدر، موصل.

- سالّنامەی ویلایەتی بەغداد

ـ (١٢٩٢هـ)، دفعە (١)، مطبعە ویلایت بغداد.

- سالنامە دولت علیە عثمانیە:

ـ ١٣٠٦هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣٠٧هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣٠٨هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣٠٩هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٠هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١١هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٢هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٣هـ ، مطبعە عامرە دە طبع اولنمشدر.
ـ ١٣١٤هـ ، مطبعە عثمانیە.
ـ ١٣١٥هـ ، عالم مطبعەسی.
ـ ١٣١٦هـ ، محمودبک مطبعەسی.
ـ ١٣١٧هـ ، مطبعە عامرە.
ـ ١٣١٨هـ ، محمودبک و سرویچە مطبعەلری.
ـ ١٣١٩هـ ، طاهربک مطبعەسی.

ـ ١٣٢٠هـ ، دار الطباعه العامره.
ـ ١٣٢١هـ ، عالم مطبعەسی.
ـ ١٣٢٢هـ ، مطبعه احمد احسان وشركاسی.
ـ ١٣٢٣هـ ، مطبعه احمد احسان.
ـ ١٣٢٤هـ ، مطبعه احمد احسان..
ـ ١٣٢٥هـ ، مطبعه احمد احسان.
ـ ١٣٢٦سنه هيجريه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان.
ـ ١٣٢٦ سنه ماليه، سلانيک مطبعەسی.
ـ ١٣٢٧هـ ، سلانيک مطبعه سی.
ـ ١٣٢٨هـ ، سلانيک مطبعه سی.
ـ ١٣٣٣-١٣٣٤هـ ، هلال مطبعەسی – باب عالی قارشوسنده.

دووەم/ بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانی

A_}MKT_UM_00249_00038_001_001.
I_DH_00499_033949_003_001.
A_}MKT_UM___00481_00069_001_001.
A_}MKT_MHM__00226_00023_001_001.

سێیەم/ کتێب

کوردی:

ـ عادل صدیق عەلی، ٢٠٢٠، هەڵەبجە شارێکی بچووک و مێژوویەکی دەوڵەمەند، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن.
ـ عەلی، ئارام مەجید، ٢٠١٤، چەردەیەک لە مێژووی عەشیرەتی شەمێران، چاپی یەکەم، سلێمان.
ـ فەهمی بەگی جاف، حەسەن، ١٩٩٩، مێژووی هۆزی جاف و مەحمود پاشای جاف، چاپخانەی دێکان.

ـ ساڵمی، شەمسەدین، ٢٠٠٨، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی مێژووەوە، و.ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم، هەولێر.

ـ فەتاح بەگی جاف، کەریم بەگی، ١٩٩٥، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، بەغدا.

عەرەبی:

ـ الحميداوي، م.م بان راوي شلتاغ، ٢٠٠٩، التقسيمات الادارية لسنجق السليمانية خلال العهد العثماني الاخير (١٨٦٩-١٩١٨)، مجلة القادسية،العدد (٣).

ـ علاءالدين، عطا محمد، ٢٠٠٨، قضاء هەڵەبجە، من منشورات مركز الدراسات الكردية (كوردۆلۆجی)، طبعة الاولى.

تورکی:

Abdulrazaq ,Mujahed Azeez 2021, "H.985 (M.1577) tarihli KK 102 nolu deftere göre Hille Livası" Ankara Üniversitesi, Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi.

Eroğlu vd, Cengiz, Kasım 2012, Osmanlı Vilayet Salnamelerinde Musul, ORSAM, Ankara.

چوارەم/ گۆڤار/

کوردی:

ـ جاف، محەمەد سەعید، ١٩٩٤، هەڵوێستێکی جوامێرانە، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (٦٨).

ـ سەڵاح، سامان ، ئابی ٢٠١٧، هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٢).

ـ کۆچ، حەسەن، ئابی، ٢٠٢٠، مەڵبەندەکانی بەرێوەبردنی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانیدا: قەڵاکانی زەڵم و گوڵعەنبەر، وەرگێڕ: کامەران کوردەوار، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (٢٩).